# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


گۆشەیەکی پرشنگدار لە مێژووی چینی کرێکاریی ئەمریکا...ل10_11





سالی پێنجەم ژمارە(103) بەرواری 1-8-2021 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## موچە بێ لێبڕین وەکو نیشانەی ریسوایی دەسەڵات!!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



سەرئەنجام دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بریاری لابردنی لێبرینی مووچەیدا. و بریارە لەمەودوا موچە لەکاتی خۆیدا بەبێ لێبڕین بدرێت. هەر سێ هێزی بەشدار لەدەسەڵاتدا "پارتی و یەکیتی و گۆران" خۆیان بەخاوەنی ئەم بریارە دەزانن و لێدوان دەدەن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەهەر سێ لایان بەرپرس بوون لە لێبرینی موچەو دەستبەسەراگرتنی قوتی هاوڵاتیان، بەمەش ئەو لایەنانەی کەدەیانەویست شانی خۆیان لە لێبرینی موچەو دواخستنی خاڵی بکەنەوە، و تەنانەت وەکو ئۆپۆزیسیۆن خۆیان دەربخەن، بەدرۆ خستەوە. دیارە شانازی کردن بە بڕیاری دانی موچە بەبێ لێبڕین، هێندەی نیشانەی شەرمەزاری دەسەڵاتی سێکوچکەی پارتی و یەکێتی و گۆڕانە، بەهیچ جۆرێک ناتوانیت جیگای شانازی بێت.

دەسەڵاتێک دەستی بەسەر داهاتی سەرزەوی و ژیر زەوەی کۆمەڵگەدا گرتبێت وخاوەنی سامانی زۆرو زەوەندی نەوت و غاز بێت، بەڵام موچەی فەرمانبەرانی بڕیبێت و دوای خستبێت، تۆمەتبارە بە دزییەکی ئاشکرا و برسیکردنی بە ئەنقەستی هاوڵاتیان، بۆیە ئەگەر یاسایەک و دەسەڵاتێکی یاسایی هەبوایە، دەبوو بەرپرسانی ئەو حزبانە توشی لێپێچینەوەی یاسایی بکرێنەوە و سزای برسیکردنی خەڵک لە رێگای برینی موچەو دواخستنی بدرێن، نەک شانازی بەوە بکەن کەگوایە دەستیان لە درێژەدان بە تاوانێک هەڵگرتووەو لەمەودوا موچە بێ لێبرین دەدەن. کەسانێک کە تاوان دەکەن، پێویستە سزای تاوانەکەیان بدەن، کەچی جەنابانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدەست هەڵگرتنیان لە تاوانێک شانازی دەکەن و دەیانەوێت خەڵکی کوردستانیش سوپاس گوزاریان بێت.

جەماوەری بێبەشی کورستان و لە پێشیانەوە موچەخۆران و فەرمانبەران، لەچەند ساڵی رابردوودا، بەدژی پاشەکەوتی موچە، لێبرینی

بۆ لاپەڕە 2

## لەم مانگەدا ٨ کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە...



*بەرواری ٢٨ی ئەم مانگە کرێکارێک بەناوی عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم لەکاتی کارکردنیدا کە کاری لەبغی دەکرد، کەوتۆتە خوارەوەو گیانی لەدەستداوە.

*بەرواری ٢٢ ی ئەم مانگە، کرێکارێک بەناوی وەستا محەمەد لە گوندی سەید ئەحمەدانی سەر بە قەزای قەڵادزێ لەکاتێکدا خەریکی هەڵکەندنی بیر بوو، بەهۆی تەقینەوەی تی ئین تیەوە، گیانی لەدەستدا. ....

بۆ لاپەڕە 3

## نارەزایەتی جەماوەری تێکەڵ بە بزوتنەوە و مانگرتنی کرێکاران دەبێت



لە کاتێکدا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کرێکاری پەیمانی لە دەیان رشتەی جیاجیا نەوت و پترۆ کیمیاوی گاز، زیاتر لە مانگێکە بەردەوامن لە مانگرتن و تەنانەت بەشیک لەکریکارانی پەیمانی کارگەو کارخانەکان توانیویانە خواستی بەرزکردنەوەی کرێکانیان دووقات ببەنەسەرەوە ١٠ رۆژ پشوو بەسەر خاوەنکارەکاندا بسەپێنن، هاوکاتیش پێداگری لەسەر تەواوی داخوازییەکانیان دەکەن، وە لە کاتێکدا تادێت


بۆ لاپەڕە 3

## حزبی کرێکارانی بەریتانی لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست...ل4

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* بە جێگای ئاو بۆ خەڵکی خوزستان ئەرتەشی ڕەوانەی ناوچەکە کرد...............ل5

*ناڕەزایەتییەکانی ئێران بەرەو قۆناغێکی نوێتر...............................................ل6

نەبەز خالید

لە پەیوەند بە قەوارەی هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان، لە دۆسیەی ئەم ژمارەیەدا، هەریەك لە بەڕێزان نەبەز خالید و کاکەلاو تەحسین لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا وەڵام بە پرسیارەکانی بۆپێشەوە دەدەنەوە...

ل 12-13



کاکەلاو تەحسین


گۆشەی پرسی رۆژ...؟...ل5

پرسی ژن ل 7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

موچە، دواخستنی موچە، بەبەردەوامی لە خەبات و تیکۆشاندا بوون و لەم خەباتەشیاندا بۆ ئەم داوا زۆر رەوایەیان، لە خۆپیشاندانەکاندا، بە گولله وەڵامیان دراوەتەوە و بەدەیان کەس گیانیان بەخشیوە.

موچە، دیارییەک نییە بدرێت بە کریکاران و کارمەندان، بەڵکو تەنها بەشێکی زۆر کەم لە حەقی کارکردن و ماندووبونیانە، بەشێکی ناچیزە لەبەرامبەر بە فرۆشتنی هێزی کاریان، بەشە زۆرەکەی خیرو قازانج و زیندەباییەکە دەچیتە گیرفانی خاوەن کۆمپانیا و خاوەن کارو سەرمایەدارەکان.

خەبات بۆ گێرانەوەی پارەی پاشەکەوت و لێبرینی ساڵانی رابردوو، تا دەگات بە زیادکردنی موچەو کرێی کریکاران و کارمەندان، زامنکردنی خزمەتگوازرییەکان…تاد. یەکێک لەمەیدانەکانی خەباتی داهاتووی چینی کریکار و موچەخۆرانە و نەبەردێکە کە ناتوانرێت دەستی لێهەڵبگیرێت..

دیارە هێشتا هیچ زەمانەتیک بۆ بەردەوامی موچەدان بە بێ لێبرین و لەکاتی خۆیدا نییە، چونکە خودی بریاری کۆتاییهینان بە لێبرینی موچە، ئاکامی نەخشەی دەسەڵات نییە، ئاکامی دەستهەڵگرتن لە دزی تاڵانی نییە، بەرهەمی چاکسازییەکی ریشەیی و گیرانەوەی داهاتی خەڵکی کوردستان بۆخودی جەماوەرکەی نییە، بەڵکو پشتی بە ناردنی پارە لە بەغداوە بۆ هەرێم بەستووە. پەیوەندی دەسەڵاتی هەریم و بەغداش، پەیوەندیەکی مافیایی و قاچاخچیی و بازرگانییە، و هەر رۆژ و هەفتەو مانگیک دەشێت لیکبترازێت و خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش باجەکەی بدات. دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد داهاتی ناوخۆی کوردستان کە بەپێی شارەزایانی بواری ئابوری بەشی موچەو خزمەتگوازرییەکان دەکات، بەشی هەرەزۆری بەتاپۆی خۆیان دەزانن و بۆ حزب و دەزگا رەنگاورەنگە حزبیەکان و کەناڵ و راگەیاندنەکانی خۆیانی دەبەن و پارەی بەغداش ئەگەر هات بەشیکی دەدەن بەموچەی موچەخۆران و باقیەکەی لوش دەدەن، هەر ئەوەش وای کردووە ژمارەیەکی کەمی سەرانی حزبی دەسەڵات و بنەماڵە مشتیک سەرمایەدار، قۆرغی داهات و سامان بکەن و جەماوەری ملیۆنی کارگەر و بیبەشی کوردستانیش موحتاجی نان و ئاو کارەبا و سەرەتاییترین پێداویستەکانی ژیانیان ببن.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە نزیک بوونەوە لەوادەی هەڵبژاردنی پیش وەختەی عیراق، هۆکارێکی سەرەکییە تا حزبەکانی دەسەڵات، بە مەبەستی فریودانی خەڵکی لە پارەی دەسبەسەرداگیراوی خودی خەڵکی کوردستان موچە بۆ چەند مانگێک بەبێ لێبرین بدەن و فوارەی درۆ و بەلێنیش بکەنەوە، و رێگای کرینی دەنگ بگرنە بەر، تا لەو رێگایەوە جارێکی تر خەڵکی رابکیشنە پای پەنجە مۆرکردن بۆیان. بەتایبەتیش کە ئەزموونی تاڵی هەڵبژاردنەکانی پێشویان هەیە، کە جەماوەری تورەو نارازی چ لەسەر ئاستی و عیراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا "نا" یان وەکو درێژکراوەی نارەزایەتی شەقام ئاراستەی دەسەڵات کرد و "بایکۆتیان" سەرخست. دیارە دەسەڵاتی سیاسی لە عیراق و کوردستاندا لەڕێگای هەڵبژاردن و بەپێی دەنگی هاوڵاتیان دەستیان لەدەسەڵات گیر نەبووە تا لە رێگای هەڵبژاردن و دەنگ نەدانی هاوڵاتیانەوە گۆرەپانەکە چۆڵ بکەن، بەڵکو لە رێگای زۆری هێزو بەدەستەوە بوونی چەک، دەستبەسەراگرتنی داهات و سامان، خۆبەستنەوە و نۆکەرپیشەیی… دەستیان لەدەسەڵات گیربووە، بەڵام دەنگی هاوڵاتیان وەکو پسولەی شەرعیەتی یاسایی دەسەلاتیان بەدەستەوە دەگرن و رای گشتی پێ فریوو دەدەن.

بێگومان بۆ ئەوەی دەنگی هاوڵاتیان بەدەست بهێنن یان هاولاتیان رابکێشنە پای بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، دەست بۆ دانی موچەو هەندیک هەنگاوی تر دەبەن، بەڵام لەم ریگایەدا دوو ئامانجان هەیە، یەکەم دەیانەوێت لەو رێگایەوە تورەیی جەماوەری تارادەیەک خامۆش بکەنەوە، بەڵکو بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، دووەمیش زامنی دریژەدان بەدزی تاڵانی دەورەی دوای هەڵبژاردنەکان بکەن و دەسەلاتی خۆیان بهێڵنەوە.

بەکورتی بڕیاری کۆتاییهینان بە لێبرینی موچە، نەک جێگای ستایش نییە، بەڵکو مۆری نەنگییە بە ناوچەوانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە و تاوانێکە قابیلی لێخۆش بوون نییە. نابێت دەسەڵاتی سیاسی وەکو تۆمەتباری برسیکردنی خەڵک لە سزای خەباتی جەماوەری دەربازی ببێت. هەروەها هیچ گەرەنتیەک بۆ بەردەوامی موچەو زامنکردنی خزمەتگوازرییەکان بەشێوەی ڕیک و پێک لەتوانای دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی بۆرژوازی کوردا نییە. هەر ئاڵۆزیەک لە نێوان دەسەلاتی هەریم و بەغدادا، یان دابەزینی نرخی نەوت، دوبارە پرسی لێبرینی موچەو دواخستنی دوبارە دەکاتەوە. هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراق، هۆکارێکە تا دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا نیەتی دۆزنانە و ماکیفیلی خۆی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان نیشان بدات. دەسەلاتی سیاسی هەرێمیش بە لابردنی لیبرینی موچەو بەخشینەوەی بەڵێنەکانیانی دواتریان دەچێتە خانەی کەمپەینی هەڵبژاردنەوە تا جەماوەری تورەی کوردستان راپیچی بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بکەن.

جەماوەری کریکار و زەحمەتکیشتی کوردستان، پیویستە لەم بەرامبەرکی کۆمەلایەتیەدا، ئامادەییان هەبێت… گێرانەوەی موچە دزراوەکان کە لەژێر ناوی پاشەکەوتی موچەدا، چەند ساڵ درێژەی پێدرا، تا دەگاتە گێرانەوەی موچە لێبڕاوەکان، بەپاساوی نەبوونی داهات و پارە، پێوستی بە وەستانەوەیەکی کۆمەلایەتی خەباتکارانە بەدژی دەسەڵاتدا هەیە… زامنی موچەو خزمەتگوزارییەکان و سەرجەم ماف و ئازادییەکانی تر تەنها لەرێگای خەبات و تیکۆشانی ریکخراوەوە ئیمکانی داسەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا هەیە… دەورەی داهاتوو دەورەی جۆشدانی ئەم خەباتە حەقخوازانەیە.

**کۆتایی تەموزی ٢٠٢١**

# لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا… بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

**ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی… وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی…**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت… هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە…**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناریکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

# درێژەی....نارەزایەتی جەماوەری تیکەڵ بە بزوتنەوە و مانگرتنی کریکاران دەبێت

پشتیوانی بەشەکانی تری کریکاران و تەنانەت خویندکاران لەم مانگرتنە کرێکارییە شکۆدارە دەکرێت و تادێت سەرنجی تەواوی جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگەی ئیران بۆخۆی رادەکێشێت، هاوکات دەیان شار لە خوزستان بەهۆی بێ ئاوی و تینوێتیان بۆ ئازادی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئیرانیان وەلەرزە خستووە.

ئەم جوڵانەوە بەرینە کرێکارییە و تیکەڵ بوونی لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی خوزستان، هیندەی تر گوڕو تینی بەخشیوە بە بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری و ئاسۆی سەرکەوتنیانی زۆرتر کردووە. لەوەش زیاتر تادێت شارەکانی تر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە پەیوەست دەبن و داخوازییەکانیان دەخەنە روو... دیارە داخوازی چینی کریکاری ئیران، لە بنەرەتدا داخوازی تەواوی جەماوەری نارازی شەقامیشە.

نان و ئازادی و بەرابەری، خاڵی هابەش و داخوازی سەرجەم چین و توێژە بیبەشەکانی کۆمەڵگەی ئیرانە و هەر داخوازیەیەکی تری چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی ئیران، هاوکات لیکهەڵپیکراوە لەگەل ئەم داخوازییە گشتییە.

"نان" بەمانای کرێی گونجاو یان بیمەی بیکاری بۆ ئامادەبەکاران و زامن بوونی خزمەتگوازرییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەفیهیەکان و بوونی یاسا کاری کریکاریی پێشرەو... "ئازادی" بەمانای ئازادی بەیان و بیروباوەر، چاپەمەنی و کۆبونەوەو خۆپیشاندان و ئازادی ریکخرابوون و پیکهینانی حزب و کۆر و کۆمەڵ و سەندیکا و ئازادی رەخنە گرتن و لەهەر بیروباوەرو ئەخلاقیات و کەلتور و ...تاد، "بەرابەری" بەمانای کۆتایی هینان بەو جیاوازییە چینایەتیەی لەلایەکەوە کەمایەتیەکی کردۆتە خاوەنی هەموو شتیک و دەستی لەهەموو داهات و سامانی کۆمەڵگە گیر کردووەو لەبەرامبەریشدا، جەماوەری ملیۆنی روبەرووی سەخترین هەلومەرجی ژیان کردۆتەوە... ئەم نابەرابەرییە چینایەتییە، سەرچاوەی سەرجەم نابەرابەریەکانی تریشە لە دەستراگەیشتن بە ئازادییەکان و یاسا و مافە فەردی مەدەنیەکان و...تاد.

خواستەکانی کریکارانی مانگرتوو: لە زیادکردنی کرێ، دانی کرێ و حەقدەستەکان لەوادەی خۆیدا، باشترکردنی شوێنی کار و هەلومەرجی کار، کەم کردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن، ئاسایشی شوێنی ژیان، مافی ڕیکخراو بوون، بردنەسەرەوەی ئاستی حەقدەست، ئاسایشی شوێنی کار و ژیان، ئەمنییەتی پیشەیی، مافی پێکهێنانی ڕێکخراو، پێدانی سەری وەختی حەقدەستەکان و هیتر تادەگاتە داخوازی بۆ ئاو... بەهیچ جۆرێک دابراو لە خواستی سەرسەری و هاوبەشی ملیۆنی جەماوەری بێبەشی ئیران نییە، بۆ نان و ئازادی و بەرابەری....

ئەم بزوتنەوە کرێکاریی و جەماوەریەی بەڕیکەوتووەو



درێژەی رەوتێکی لەپیشتری و نارەزایەتیەکانی ساڵانی رابردووەو بۆیە تا هاتووە خاراو تربووە، ئەزموومی سەریەک ناوە، تاکتیکەکانی خەباتی باشتر ناسیووە، ئاستی ریکخراوبوونی بەرەوپیش چووە، داخوازییەکانی رۆشنتر بووە، هاوسەنگی هیزی بە سودی کریکاران و جەماوەری بیبەش گۆریووە، توانایی رژێمی بۆسەرکوت سنوردارتر کردووە و پشتیوانی بەش و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی لەوانە خویندکاران و لاوان و ژنانی بۆخۆی راکیشاوە...

بزوتنەوە کریکاریی و جەماوەرییەی شارەکان لیک هەڵپێکراون و جیاکردنەوەیان لەگەڵ یەکتی سەختەو لەوەش زیاتر گوڕێکی بەخشیوە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی سەراسەری لە ئاستی کۆمەڵگەدا، ئەم پیشرەویە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کریکاری و جەماوەری، چ بە هۆی لەسەر حەق بوونی خواستەکانی و چ بۆهۆی لیک هەڵپیکرانی لەگەڵ خواستی بەرینتری سیاسی کۆمەڵایەتی، بۆتە جێگای ئومید بەخش بۆسەرجەم چینی کریکار و جەماوەری بێبەش ئیران و ناوچەکەش...

بیگومان سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییە، لە گرەوی بەریبوونەوەی زیاتر، ریکخراوبوونی هەمەچەشنە و زامن بوونی رابەریەکی سیاسیدایە، کە بتوانێت هەنگاو بەهەنگاو رابەری چوونە پیشەوەی بکات و خەتی پیبدات و وەڵام بە گرفت و لاوازییەکانی بداتەوە، پلان و نەخشەکانی دەوڵەت و کارفەرماکان خونسا بکاتەوە، هاوسەنگی هیز بناسێت و هەنگاوەکانی ئایندەی دیاری بکات و پشتیوانی ناوخۆیی و لەوەش زیاتر پشتیوانی بزوتنەوەی کریکاری و پیشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەو دنیای بۆ دەستە بەر بکات.

لەهەلومەرجی ئیستادا، چینی کریکاری ئیران، بۆتە جیگای ئومیدی ئۆردوی فراوانی چینی کریکاری ناوچەکەو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئازادیخوازەکان...پشتیوانی لەم بزوتنەوە کریکاریی و جەماوەرییەی لە ئیراندا درێژەی هەیە، ئەرکێکی هەرە گرنگ و چارەنووسازە بۆ هیز بەخشی بەو جوڵانەوەیەی ڕێگای گەرانەوەی بۆ دواوە لیگیراوە...

# درێژەی... لەم مانگەدا ٨ کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە...

*بەرواری ١٩/٧ ی ئەم مانگە کرێکارێک بەناوی دلاوەر ئازاد لە شارۆچکەی گۆڕە توو لەکاتی کارکردنیدا لە نهۆمی سێهەمەوە دەکەوێتە خوارەوەو گیان لەدەست دەدات.

*بەرواری ١٧/٧ حەسەن حوسێن، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٠ ی دانیشتوای باریکە لەکاتی گواستنەوەی خۆڵدا، لەرێگای کەوتنە خوارەوەی فەردەیەک خۆڵ لە رافیعەوە بەسەریدا، گیان لەدەست دەدات.

*بەرواری ١٤/٧ مامۆستا ڕیبوار سوارە، کە لەناچاری و بۆ زامن بوونی ژیان و گوزەرانی، هاوکات کرێکاریی دەکرد، لە کاتی کارکردندا لە بینایەک دەکەوێتە خوارەوەو گیان لەدەست دەدات.

*بەرواری ١٣/٧ لەیەکێک لەگوندەکانی قەزای ئاکرێ لەکاتی بیر هەڵکەندندا و بەهۆی داڕمانی بیرەکەوە بەسەریدا کرێکارێک بەناوی یوسف رەمەزان، گیان لەدەست دەدات.

*بەرواری ١١ی تەموز لە گەرەکی بەردەسوری قەزای کەلار، کرێکارێک بەناوی سەرحەد لەکاتی بەستنی مەسعەدی سایلۆدا دەکەوێتە خوارەوەو گیان لەدەست دەدات.

*بەرواری ٤ تەموز دانا عومەر کەخەڵکی دەربەندیخانە لەکاتی قیرتاوکردنی ڕیگای کەلار/سلێمانی... دەکەوێتە ژێر رۆڵەیەکی پانکەرەوەو گیان لەدەست دەدات...



ئەم ئامارە ترسناکە لە قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار، ریشەی لە چاوچنۆکی کۆمپانیاکان و خاوەنکارەکان و دەسەڵاتی رەشی پارێزەری سەرمایەدارییدایە... رێگای بەرگرتن بەم کوشتارە بەردەوامە و قوربانیەکانی تری لە کەم ئەندام بوون و توش بوون بە نەخۆشی درێژخایەن... لە گرەوی ریکخرابوونی چینی کرێکار و گوشار هێنانە بۆ خاوەن کۆمپانیاو کارفەرماکان و دەسەڵاتی سیاسی پشتیوانیان، تا شوێنی کار سەلامەت رابگرن و تەواوی پیداویستیەکانی سەلامەتی کار زامن بکەن و کاتی پیویستی پشوو بە کرێکارەکان بدەن... هەروەها پیویستە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمپانیاکان ناچار بکرێن، قەرەبووی قوربانیانی شوێنی کار بکەنەوەو خانەوادەکانیان موچەی بەڕیوچوونی ژیانێکی گونجاویان بۆ دابین بکرێت...



# حزبی کرێکارانی بەریتانی لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست

## نووسینی: سالار حمەسەعید

حزبی لەیبەر لەوکاتەوە کە ڕابەرایەتیەکەی کەوتۆتە دەست "کیر ستارمر"ەوە ئاراستەکەی بەتەواوی گۆڕاوە لەحزبێکی چەپەوە بۆتە حزبێکی تەواو ڕاست وە یا باشترە بوترێ بۆتە سێبەری حزبی پارێزگاران (موحافزین). ئەگەر بڕوانینە کارنامەی ئەم چەند مانگەی پێشووی بەتایبەتی لە سەردەمی پەتای کۆرۆناوە دەبینین حزبی لەیبەر تەنانەت ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارامەو چالاکی نەبینیوە. لەیبەر بەردەوام لەم دەورانی پەتای کۆرۆنایەدا مۆری ڕەزامەندی لەسەرهەموو کاروکردەکانی حکومەتی بۆریس جۆنسن داناوە و گەر نووزەیەکیشی لێهاتبێ نەبیسراوە و دەنگی لێوەنەهاتووە. هەر لەسەرەتای هاتنی یەوە "ستارمر" ئامانجی خۆی دیاریکردوە و بە ڕۆشنی ویستویەتی لە چەپی ناو لەیبەر بدات و بیانکاتە کەنارەوە. کیر ستارمر زۆر ئاشکرا دەستی داوەتە پاکسازی لەناو حزبدا ئەویش پاکسازی گروپە چەپەکانی ناو حزبی کرێکاران. پیشنیاری قەدەغەکردنی گروپە چەپەکان لەناو حزبدا خرایە بەردەم ئۆرگانی بەرێوبەرایەتی حزب و ستارمر پشتیوانی لەم هەنگاوە کرد. هەفتەی پێشوو ئەم پیشنیارە خرایە بەردەم ئۆرگانی ناوبراوەوە و پەسەندکرا. پیشنیارەکە تەنها بۆ یەک مەبەست بووە ئەویش قەدەغەکردنی چەپەکانی نێو حزب کە باڵی ڕاسترەو نازناوی" توندڕەوەکانی نێو حزب"ی لێ ناون. ئەم گروپانەش مەبەست ئەوانەن کە لایەنگری ئاشکرای ڕابەرایەتی جێرمی کۆربن بوون. تەنها ١٥ مانگ پاش هەلبژاردنی ستارمر بە رابەری حزبی لەیبەر ئێستا تەواوکاردەکات بۆ قەدەغەکردنی ئەو ٤ گروپە لەنێو حزبدا. ئەم پیشنیارە سەرەتا لە ڕۆژنامەی "دەیلی میرەر"دا بلاوکرایەوە کە بوە هۆی تووڕەکردنی ئەندامانی باڵی چەپی نێو لەیبەر کە لەوباوەڕەدان ئەمە کەمپینێکی گەورەیە بۆ پاکتاوسازیەکی بەرین لەناو حزبدا. لە پیشنیارەکەیاندا داوای دەرکردن یا هەلپەساردنی ئەندامێتی ئەم دەستەو گروپەیان کردبو. سۆشیالیست ئەپیل (بانگەوازی سۆسیالیستی) کە گروپێکن خۆیان بە دەنگی مارکسیستی ناوحزبی لەیبەرو لاوان دەزانن کە گروپێکی قەدەغەکراون و هەرکەسێک دەرکەوێت کە ئەندامی ئەم گروپانەیە یەکسەر لە حزبی کرێکاران دەردەکرێ. ئێستا چەند گروپێکی چەپ دەستیان داوەتە نارەزایەتی پیشاندان لەبەردەم بارەگای سەرەکی حزبی کرێکاران لە ڤکتۆریا لە لەندەن دژ بە پشنیارەکانی ئۆرگانی بەریوبەرایەتی حزب تەنانەت داوای لابردنی ستارمر دەکەن لە رابەرایەتی حزب. نۆرمان تۆماس کە دامەزرێنەری گروپی "تۆڕی لەیبەر لە تاراوگە" یە لە لیدوانیکی دا دەلێ: "ستارمر جێگەی بەزەیی پێهاتنەوەیە لە شەڕیدا دژ بە کۆنسێرڤەتیڤ. ئەو زۆر بە پەلەیە لە پەلاماردانی ئەندامەکانیدا، ئەو دیموکراسی تێکشکاندوە لەناو حزبی لەیبەردا تا هەزاران کەسی لەکۆڵ ببێتەوە کە پاش هەڵبژاردنی جێرمی کۆربن بە سەرۆکی حزب پەیوەست بوون بەحزبەوە ."ئەم جمووجۆڵە نیشاندەری جەنگێکی سکتاریستی یە کەلەناو کۆنفرانسی داهاتووی حزبی لەیبەردا لە برایتن دا ڕوودەدات وە پێشبینی دەکرێ کە ستارمر هەوڵی ئەوەبدات کە مۆری دەسەلاتی خۆی بدات لە حزب. نۆرمان تۆماس هەروەها دەلێ: "ئیمە بۆ داهاتووی حزبی لەیبەر دەجەنگین ئەمە سەرەتای تێکۆشانە" هەروەها پێی وایە کە لەکۆنفرانسی داهاتووی حزبدا لە مانگی سپتمبەر، کارو کرداری زۆرتر و ڕووداوی زیاتر ڕوودات. ئەوەی شایەنی باسە، ئەو چوار گروپە بریتین لە "تۆری لەیبەر لە تاراوگە" و سۆشیالیست ئەپیڵ و بەرگری سۆسیالیستی و لەیبەر دژی ڕاوکردنی نەیاران (هەنت وچ) .کۆمەڵێک ئەندامی گەورە و بەرچاوی حزب لە ئەندامێتی ڕاگیراون لە چەند مانگی رابردوودا. هەر ناوبەناوێک گروپێک لەناو حزبدا قەدەغە دەکرێ. ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا لە سێ شەممەی ڕابردوودا دەربارەی ئەوەبوو کە ئایا ئەو گروپانە لەگەل ئامانج و یاساو ڕێساکانی حزب دا هاوئاهەنگیان هەیە؟ جێرمی کۆربن لە مانگی ئۆکتۆبەری سالی رابردوودا لە ئەندامێتی ڕاگیردرا تەنها لەبەرئەوەی وتی کێشەی ئەنتی سیمیتیزم لەناو لەیبەردا لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی گەورەکراوە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و میدیاکانەوە. بەلام ستارمر بەم کارەی هیچی بەدەست نەهێنا. ستارمر یەکێک لە قەلاکانی لەیبەری لەدەست دا لە "هارتلپوول" کەلە سالی ١٩٧٤ەوە مەلبەندی لەیبەر بووە،




بەلام ئەمسال لەیبەر لەدەستی دا لە هەلبژاردنی شارەوانیەکاندا و کەوتە بەردەستی حزبی کۆنسێرڤەتیڤ. هوارد بێکیت لە ئەندامێتی حزب ڕاگیردرا کاتێ لە وەلام بە وەزیری ناوخۆی بەریتانیا "پرتی پاتێل"دا کە هەولی دیپۆرتکردنەوەی دوو پەنابەری دابوو لەسەر تویتر نووسیبووی: دەبێ پرتی پاتێل دیپۆرت بکرێتەوە نەک پەنابەران. "ئەندام پەرلەمانانی سەر بە باڵی چەپی حزبی لەیبەر تووڕەن لە پیشنیارەکان. ماکدۆنێل پێی وایە رابەرایەتی ئێستای لەیبەر دەیەوێ لەڕێگەی گرتنەبەری ڕێگەیەکی سەیر وسەمەرە ئەویش دەرکردنی ئەندامانەوە پیشانی بدات کە چەند ڕابەریەکی بەهێزە. ئەو چوار گروپەی ناو حزبی لەیبەر یەکێکیان "سۆشیالیست ئەپیڵ"ە (بانگەوازی سۆسیالیستی) کە تاوانباردەکرێت بەوەی کە جێنشینی ڕەوتی میلیتانتی (توندرەوی) تروتسکیستە کە لە لایەن حزبی لەیبەرەوە لە سالی ١٩٨٢ ەوە قەدەغەکراوە لەکاتێکدا ئەو ٣ گرووپەی تر دەگووترێ کە تێوەگلاون لەجمووجۆڵ و چالاکیە ئەنتی سیمیتیزمەکانی جێرمی کۆربن. ڕەخنەگرانی ناوخۆی ستارمر دەلێن ستارمر شەڕ دەخولقێنێ و خۆی بزوێنەر وداهێنەری ئەم پاکسازیەی ئێستایە. ستارمر دەیەوێ لە کۆنفرانسی سپتمبەری داهاتوودا بەڕاستی حزب بگرێتە دەست و کۆنترۆل و ڕابەری حزب بکات بە شیوەیەکی فیعلی. نیازی ئەوەی هەیە کە لەم کۆنفرانسە دا ئەو گروپانە و کەسانێک کە پەیوەندیان هەیە بەو گروپانەوە ڕیشەکێش بکات. ئەمە دەرفەتێکە نایەوێ لەدەستی بدات. دەرکردنی زیاتر لە هەزار ئەندامی حزب دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بڕیار و پیشنیارانەی ڕابەری حزب.

**٢٨ی تەمموزی ٢٠٢١**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!


بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# کۆماری ئیسلامی بە جێگای ئاو بۆ خەڵکی خوزستان ئەرتەشی ڕەوانەی ناوچەکە کرد



نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

کۆماری ئیسلامی بە جێگای ئاو بۆ خەڵکی خوزستان ئەرتەشی ڕەوانەی ناوچەکە کرد...

دوای روخانی ڕژیمی پەهلەوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، خەڵک بەردەوام هەر لە سەرەتاکانی خۆسەپاندنی ئەو ڕژیمە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانیان بەڕێوە بردووە و ئەو ناڕەزایەتیانە تا بە هەنووکەش هەر بەردەوامە. شەپۆلی ناڕەزایەتیەکان بەردەوام لە ئارا دا بووە کە دەتوانین باس لە یەکەم ناڕەزایەتی بە شکۆی ژنان لە ئێران، دوو مانگ دوای هاتنە سەرکاری کۆماری دژە ژن بکەین دژ بە پۆششی ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی هەردەم وەلامی خەڵکی بە گوللە و ئەشکەنجە و زیندان داوەتەوە. لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا شایەتی ناڕەزایەتیی بەربلاوی خەڵکی خوزستان و شارە عەرەب نشینەکانی ئێران لە ناڕەزایەتی دەربڕین بە نەبوونی ئاو و پێداویستی سەرەتایی ژیان بووین. خەڵکی خوزستان یەک دەنگ ڕژانە سەر شەقامەکان و هاواری نەمانی کۆماری ئیسلامیان بەرز کردەوە. خەڵک بەردەوام دروشمی نا بۆ دیکتاتۆر و مردن بۆ خامنەیی ڕیبەریی نیزامی دیکتاتۆریان دەوتەوە کە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر دەردەخات کە کۆماری سێدارە هیچ مەشروعیەتێکی نەماوە و خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانیەوە دژ بەو دەسەڵات و سیستمەن. خەڵکی ناوچە عەرەب نشینەکان وەکوو خەڵکی کوردستان قوربانی سیاسەتی فاشیستی ڕژیمی ئێرانن و بە هۆی پرسی ئێتنیکەوە هەردەم پەراوێز خراون و ساڵەهای سالە هیچ هەلێکی کاری لەو ناوچانە بۆ خەڵک پێک نایەت وخەڵک لە سەرەتاییترین پێداویستی ژیان بێ بەشن. ڕۆژ نییە کۆماری سێدارە لەژێر ناوی تاوانی داتاشراو وەک قاچاخچی مادەی سڕکەر و هتد.....لاوانی ئازادیخواز لە سێدارە نەدا و حوکمی ناڕەوایان بەسەردا نەسەپێنێ. ناڕەزایەتیەکان سەرەتا لە شاری فەلاحیە دەستی پێ کرد و کۆماری سێدارە وەک هەمیشە بە گوللە و کوشتن و بڕین وەلامی تینوێتی و بێ ئاویی خەڵکی داوە و لەو نێوەدا دوو کەس گیانیان لە دەست دا و ژمارەیەکی زۆر بریندار بوون. زۆری نەخاياند خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران هاوتەریب بوون لەگەڵ ناڕەزایەتیەکان و وێرای خەڵکی خوزستان و ناوچە عەرەب نشینەکان دروشمی نا بۆ دیکتاتۆری و مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی جینایەتکاریان دەوتەوە. ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتیە یەکەم جار نییە لە شارەکانی ئێران دێتە ئاراوە، بەڵکوو خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران کە هیچ کات ئەو ڕژیمەیان بە مەشروع نەزانیوە لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان لوابێ هاواری مافخوازیی خۆیان دەربڕیوە و نایان بە دیکتاتۆری وتووە. هۆکاری ئەو گشتە ناڕەزایەتیی و مانگ گرتنە هەڵاواردن، سەرکوتی خەڵک لەلایەن هێزە دژە مرۆڤ و سەرکوتکەرەکانی ڕژیم، هەژاری لە ڕادەبەدەر، هاتنە خوارەوەی هێڵی هەژاری، زۆربونی دیاردە کۆمەلایەتیەکان کە هەموو سەرچاوە گرتوو لە هەژارییە، دزی و گەندەڵی سەرانی ڕژیم و سیاسەتە شەرانگێزانەکانی کۆماری ئیسلامیە کە دوکەڵەکەی دەچێتە چاوی خەڵکەوە. ئەم ناڕەزایەتیانە هاوکاتە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شانۆی بەناو هەڵبژاردنەکانی ئێران و هاتنە سەر کاری ڕەئیسی گەورە تێرۆریست و جینایەتکاری ڕژیم




کە دەستی بە خوێنی هەزاران ڕۆلەی ئەو خەڵە سوورە و ئێستاکە سەرۆکۆماری ئەو دەسەلاتە دیکتاتۆرەیە. ئەو شەپۆلە لە ناڕەزایەتی دەری دەخات خەڵک هیچ هیوایەکیان بەو ڕژیمە و مۆرەکانی دەسەلاتی بەهەموو باڵەکانیەوە نییەو باش لەوە تێگەیشتوون کە تەنیا ڕێگەچارەی ئازادی و نەمانی هەموو کێشەکانیان لەپێش هەموو شتێکدا لەناوچوونی کۆماری ئیسلامی و روخانی ئەو دەسەڵاتەیە. هاوکات لەگەڵ ناڕەزایەتیی ناوچە عەرەب نشینەکان بۆ نەبوونی ئاو و پێداویستیی ژیان و ئیمکاناتیی مرۆڤی هەروەک ئاگادرین نیزیک بە دوو مانگە شەپۆلێکی بەرینی ناڕەزایەتیی و مانگرتن لە کارگە و شەریکە نەوتیەکان بەڕیوەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ کرێکارانی زۆرتر بەو مانگرتنە پەیوەست دەبن. هەفت تەپەش وەک هەمیشە پێشەنگ کە ئەزمون و پارامێترێکی نوێی لە خەباتی کرێکاری لە ئێران بۆ چینی کرێکار بەجێ هێشتووە، هەنووکە لە بیستەمین ڕۆژی مانگرتن و خەباتی لێبڕاوانەی کڕیکاری خۆی دایە. کۆماری ئیسلامی ساڵەهای ساڵە بە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام و ڕەشبگیری هەوڵی لە باربردنی شۆڕش و ناڕەزایەتیەکانی داوە، بەڵام خەڵکی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ بە داخوازیی رادیکاڵ و مافخوازانەی خۆیان دێنە سەر شەقامەکان و هاواری نا بۆ کۆماری ئیسلامی و نەمانی یەکجارەکی ئەو ڕژیمە بەرز دەکەنەوە. ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە خەڵکی ئێران لە هەرەشە و گوڕەشە و ڕەشبگیری ناترسێن و تا گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی خۆیان واتە نەمانی سیستم و دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە خەبات سڵ ناکەن...

پرسی ڕۆژ

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە کە هاوڕێ ئاراس ڕەشید/ هاوکاری سەرنووسەر ئامادەی دەکات... لەهەر ژمارەیەکدا کەسایەتیەك لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە خستنە ڕووی پرسیارێك بەسەر دەکاتەوە...**

## لەم ژمارەیدا دەروون شوان لە وەڵام بەپرسی ڕۆژدا...

**پرسیاری رۆژ: لە ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٥ی تەموز ٢٠٠٩؛ ئەو بزووتنەوەیە بەچی دەستیپێکرد و ئێستا لەکوێ لەنگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی گرتووە؟**

**دەروون شوان:** بۆ تێگەیشتن لە بزووتنەوەی گۆڕان؛ پێویستە بە شوێن دوو پرسیاردا بڕۆین؟

ئایا بزووتنەوەی گۆڕان کاردانەوە بوو یان کارێکی ستراتیج وبە بەرنامە بوو؟

ئایا گۆڕان توانی مۆدیلی یەکێتی و پارتی تێپەڕێنێت یان دوبارەکردنەوەی ئەوان بوو؟

بۆ وەڵام؛ دەگەڕێینەوە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەکە و کۆتایی کارەکانی سەیر بکە، گۆڕان لە دەرئەنجامی شکان و بێهیوابوونی لە ململانێ و هەڵبژاردنی ناوخۆیەکانی مەڵبەندەکانی یەکێتی لەدایک دەبێت. کاتێک نەوشیروان لە هەر ٣٦ مەڵبەند لە هەڵبژاردن دەدۆڕێت و شکست دێنێت! لە پێش ئەوەش هەوڵێکی واژۆ کۆکردنەوەی لە ناو یەکێتی کرد لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و عومەری سەید عەلی، و دواتر بەهۆی پاشەکشەی کۆسرەت رەسول لەو هەولەش دەشکێت. ئیتر بە ١٠ ملیۆن دۆلارەوە دەست دەکێشێتەوە و دەچێت دەزگای میدیایی و پاشانیش حیزب دروست دەکات. کاتێک ٢٥ کورسی دەهێنن و دواتر ٢٤ کورسی؛ نەوشیروان دڵنیا دەبێت وەڵامی خۆی داوەتەوە، مام جەلام کە دەبوو پشت بە برادەرەکانی ببەستێت لە بەرانبەر ئەودا و دواتر مام جەلال بە ڕاشکاوی شان دەنێت بە شکانی یەکێتی لەبەردەم نەوشێروان. لەو ڕۆژەوە نەوشێروان دەستبەرداری گۆڕان بوو، لەو ڕۆژەوە دەیگووت مەبەستیەتی ئەو هەڵە گەورەی نێوان یەکێتی و گۆڕان چاک بکاتەوە، لەو ڕۆژەوە دەیگووت قسەی هێرۆخان بڕیای گۆڕانیشە.




لە وەڵامی پرسیاری دووهەمیش؛ گۆڕان نەیتوانی مۆدیلی حیزبایەتی یەکێتی و پارتی تێپەڕێنێت، وەک ئەوان بێ ستراتیج بوون و دەیانەویست هەموو ئایدیا و ئاین و تاکێکی کورد لە خۆیان نزیک بێت، بۆیە تێکەڵەیەک بوو لە عەلمانی و ئیسلامی و نوێگەربوون ترادسیۆن بوون ...وەک ئەوان میدیای حیزبیان دروستکرد لە بری میدیای سەربەخۆ، وەک ئەوان گەورەترین ڕێکخستنیان بردە ناو هێزی ناوخۆ و پێشمەرگە، وەک ئەوان سەندیکای پیشەیی و جەماوەری حیزبیان دروستکرد، وەک ئەوان نەوشێروان دوا قسەکەرو بریادەر بوو، وەک ئەوان نەوشێروان پەرلەمانی بە شایانی خۆی نەدەزانی و نەبوو بەنوێنەری خەڵک لە پەرلەمان و کورسیەکەی بەبەتاڵی هێشتەوە، وەک ئەوان کوڕەکانی بوونە خاوەن حیزب، وەک ئەوان بە سیاسەتی ڕۆژ قسەی دەکرد ڕۆژێ دەستور گرینگ بوو ڕۆژێ لای ئەو هیچ نەبوە، رۆژێ پارتی خۆفرۆش بوو ڕۆژێک هاوپەیمان و ٤ ساڵ ئارامی بوو، ڕۆژێک یەکێتی گەندەڵ بوو ڕۆژێک دەی ویست لەگەل یەکێتی یەکبگرێت یان هاوپەیمانی بێت لە هەڵبژاردن...تاد

لێرەوە تێئەگەین کە گۆڕان کاردانەوەو هەڵچونێک و توڕەییەکی تاکەکەسی بوو لای نەوشێروان بۆ تۆڵە و شکانی هاورێکانی لە ناو یەکێتی. بەڵام لای زۆرینەی خەڵک نیەت و بەرنامەیەکی جدی بوو، بۆیە بە پەرۆشەوە کاریان بۆ دەکرد. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئێستا خەڵک بێهیوابێت و باوەڕی بە هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆن نەمابێت! ئەوەش گەورەترین خزمەت بوو لە مێژوودا بە یەکێتی و پارتی کرا لە لایەن گۆڕانەوە.

# ناڕەزایەتییەکانی ئێران بەرەو قۆناغێکی نوێتر



نووسینی: عبدالرحمن ڕەسوڵ

خەڵکی چەوساوە کە بریتییە لە کرێکاران و هەژاران و بێکاران، کەزۆرترین ڕێژەیی دانیشتوانی کۆمەڵگە پێک دەهێنن، لەئێران و کوردستان و عێراق و تورکیاو لیبیا و تونس و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێژەی چەوساوەکانی کۆمەڵگە زۆر زیاترە لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سەرمایەداری. سەرجەم قەیران و کێشەکانیش لەئەساسدا کێشەی چینایەتین، بەڵام دەوڵەت و حکومەتە چەوسێنەرەکان بە بەرگی جیاوازتر دایان پۆشیووە لەپێناو مانەوەی خۆیاندا، و سەرجەم دەوڵەتە کۆنەخوازو چەوسێنەرەکانی ناوچەکە و جیهانیش هاوکاری یەکترن بۆ داپۆشینی کێشە چینایەتییەکان و گۆڕانیان بە کێشە لاوەکی و دروستکردنی کێشەی جۆراوجۆرەکانی تر. لەوانە سازکردنی کێشەی ناوچەگەری و نەتەوایەتی و ئایینی و حیزبی. ئەم کێشانەش کەساز دەکرێن لەلایەن دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەرەوە ئامانج بەلاڕێدابردنی کێشە چینایەتییەکانە. وڵاتی ئێران لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی شادا گیرۆدەی کێشەی چینایەتی وبێمافی و سەرکوت بووە دواتر خەڵک دەستی بە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین کرد بۆ هێنانەدی دەسەڵات و سیستەمێکی باشتر، لەسەرەتایی ناڕەزایەتییەکاندا وا دەردەکەوت کە گۆڕانکاری لەدەسەڵات لەبەرژەوەندی خەڵک بەگشتی و چینی کرێکاردا بێت بەڵام دواتر بەهاوکاری دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانی، ئیسلامییەکانیان هێنانە سەر دەسەڵات بەم کارەیان بارودۆخی ئێرانیان زۆر زیاتر خراپتر و پڕکێشە تر کرد. خەڵکی ئێران زۆر وشیارانە لەبەرامبەر یاسا کۆنەپەرست ودژە ئینسانییەکانی ئیسلامییەکان هەر لەسەرەتا وەستانەوە ،٣ی ئازاری ١٩٧٩ گەورەترین ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانی ژنان لەشاری تاران ئەنجام درا لەدژی دەرکردنی یاسا حیجابی ئیجباری و زۆرەملێ دا. هەروەها لە ٣٠ی پۆشپەڕی ١٣٥٨ خەڵکی شاری مەریوان و کوردستان کۆچڕەوەی هەزاران کەسیان ئەنجامدا لەدژی دەسەڵات و یاسا دژەئینسانییەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خەڵکی ئێران هەر لەسەرەتاوە سیستەم و یاساکانی ئیسلامی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام بەزەبەری زوڵم زۆرداری خۆی وهاوکاری دەوڵەتانی سەرمایەدار خۆی لەسەر پایەکانی دەسەڵات ڕاگرتووە. هەر ڕۆژانی سەرەتایی ئەم ملهوڕییەی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان گەورە تیرۆریست خومەینی ڕابەری ئیسلامییەکان نەفیرعامێکی دژەئینسانی لەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد بانگەوازی جیهادی دا و بڕیاری ئەوەی دا کە زۆر بەتوندی دژایەتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بکەن .

هەربۆیە ساڵ لەدوایی ساڵ ئەم ڕژێمە دڕندەیە زیاتر بەر نەفرەت و ناڕەزایەتی خەڵک دەکەوێت لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ئەم ڕژێمە فاشیزمە بەتوندترین شێوە ڕووبەڕوویی خەڵکی ناڕازی بۆتەوە بەردەوام بەندیخانەکانی ڕژێم پڕکراون لەتێکۆشەرانی ئازایخوازو یەکسانیخواز. هەروەها ڕۆژانەش یاسای دژە ئینسانی جێبەجێ کردووە کە بەئاشکراو بەنهێنی و بەژەهر دەرخواردن و کوشتنی زیندانیکراوانی سیاسی درێژەی داوە. لەهەمان کاتیشدا ڕژێمی ئیسلامی وەک دەوڵەتێکی سەرمایەداریش لەگەڵ گەشەدانی سەرکوتدا ڕاستەوخۆش گەشەی بەبێکاری و هەژاری و برسێتی داوە. بەهۆی بەردەوامی گەشەی زیاتری بێکاری، هەژاری، نەبوونی، نەبوونی ئازادییە جۆراوجۆرەکان و سەرکوتکاری و لەسێدارەدان لە ئێران، کارەبا بڕان و ئاو بڕانی هاتوەتە سەر، لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی ئێراندا هەموو ڕۆژێک ٣ بۆ ٤ کاتژمێر کارەبا و هەندێک لە شەوانیش لە ٢ بۆ ٣ کاتژمێر کارەبا دەکوژێتەوە و هەروەها ئاویش بە هەمان شێوە دەبڕێت، تا ئێستا لە ئێران سیستەمی موەلیدەی گەڕەک بۆ کارەبا و تانکی سەربان و هەڵگرتنی ئاو نییە، ئەوەش زۆر خەڵکی تووشی هەراسانی کردوە، هاوکات لەگەڵ ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە دژی ئەو هەموو نادادییە، هێدی هێدی لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان کلیپ و تەنزی ناڕەزایەتی بڵاودەکرێتەوە، کە ڕەهەندێکی تری ناڕەزایەتیی خەڵک بەرامبەر ئەو نادادیانە دەخاتە ڕوو، واتە خەڵک بەشێوازی جۆراوجۆر و بەهەموو شێوەیەک تێکۆشان بۆ هێنانەدی مافە چینایەتییەکانی خۆی دەکات. خۆپیشاندانی ئاو لە دەڤەری خۆزستانی ئێران ئەوا چەندین ڕۆژە درێژەی هەیە بەردەوامە و ڕۆژانە خەڵکی زیاتر دەڕژێنە سەر شەقامەکان هاوکاتیش گەلێک لە شارەکانی دیکەی وەکو ئەهواز و تەبرێز و شاری تری گرتۆتەوە. لە هەمان کاتیشدا چەند کەسێک کوژراون و خەڵکێکی زۆریش دەسبەسەرکراون و گیراون. لە هەموو ناڕەزایەتییەکانی خەڵکدا ڕژێم بەوپەڕی دڕندانەی هێزی سەربازی بەکارهێناوە لەدژی خەڵکی ناڕازی تەنانەت هێزی چەکداری لەوڵاتانی دەرەوەی ئێران وەک عێراق و وڵاتانەکانی تر کە خۆی مەشقی سەربازی پێکردووە بردۆتە ئەوشارانەی کە خۆپیشاندان وناڕەزایەتی خەڵک هەیە، بۆ ئەم جارەش دەنگۆی ئەوە هەیە کە چەند هەزارێک لە حەشدی شەعبی بەڕێکراون بۆ خۆزستان بۆ هاوکاری دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئێران لە کوشتن و بڕینی خۆپیشاندەران و ناڕەزاییکەران. هەر هەنگاوێک دەنێت ڕژێم ناتوانێت سەرکەوتووبێت دڵی خەڵک ڕازی بکات، چونکە چارەسەری کێشەکان تەنها بە لەگۆڕنانی ڕژێمی ئیسلامی یەکلابۆتەوە لەلان خەڵکەوە. مۆرە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی پێشگرتن لە پەیوەستبوونی خەڵکی کوردستان بە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خووزستان و سەرانسەریی ئێران، هەوڵی چەواشەکارانە دەدەن.

بەپێی زانیارییەکان لە چوارچێوەی پیلانێکی ئامانجداری وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای تێرۆریستی پاسداران، مۆرە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لەهەمبەر پێشگرتن لە پشتیوانیکردنی خەڵکی کوردستان لە جەماوەری ڕاپەڕی و لە خووزستان و باقی ناوچەکانی ئێران، خراونەتە گەڕ. بە گوێرەی ئەو زانیارییانە، مۆرەکانی ڕێژیم ڕاسپێدراون کە لەنێو خەڵک ئەو بانگەشەیە بڵاوبکەنەوە کە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی خووزستان و باقیی ناوچەکانی ئێران وەک تاران و تەورێز، پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە نییە و نابێ نەتەوەی کورد پەیوەستی خۆپیشاندانەکان بن. شایانی باسە کە ئەو پیلانە چەواشەکارانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە ئاشکرایی لە شارەکانی سنە، مەهاباد، جوانڕۆ، شنۆ و بۆکان تەبلیغ دەکرێ و کۆی ئەو چەشنە پڕۆپاگەندانە، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ڕێژیم لەو شارانە سەرپەرشتی دەکرێن.

هەروەها بەگوێرەی زانیارییەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵسوڕاوانی سیاسی، مەدەنی و تەنانەت ژینگەپارێزیی، لەلایەن دامودەزگا ئیتلاعاتییەکانەوە لە ڕێگای تەلەفۆنەوە هەڕەشەیان لێکراوە کە ئەگەر هاندەری خۆپیشاندان لە شارەکانی کوردستان بن، ڕووبەڕووی سزای قورس دەبنەوە. خودی بەرپرسانی ڕژێم لەئێستا تێ گەیشتوون کە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بەجێ بهێڵن وبڕۆن. زۆر باش دەزانن بەپێچەوانەی خواست و مافەکانی خەڵک هەنگاو دەنێن. ئەوەتا لەم ساڵدا لە ٢٠٢١ لەتازەترین لێدوانی دا بەرپرسی باڵای ڕژێم عەلی لاریجانی، ڕاوێژکاری خامنەیی لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی" ئیرنا" ڕۆژی چوارشەممە ٦ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی وتی: لەم کاتەدا کە خەڵک لە بارودۆخێکی نالەباردایە ناتوانین ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنەڕەتیدا بکەین و دەبێ بکەوێتە کاتێکی گونجاوی دیکە. لاریجانی بە ئاماژە بە بەشداریی ڕێژەی کەمیی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا وتی: مەشروعییەتی ڕێژیم پشتیوانییەکی بەهێزی خەڵکی دەوێ لە کاتێکدا لە سەتا ٩٨ ی خەڵک دەنگیان بەو یاسا بنەڕەتییەداوە لە ئێستادا ناتوانین بە لە سەتا ٤٠ ی دەنگەکان ئالوگۆڕ لە یاسای بنەڕەتیدا پێک بێنین. جێگای ئاماژەیە کە یاسای بنەڕەتیی ئێران، تەنیا یەکجار لە ساڵی ٦٨ ی هەتاوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە کە یەک ماددە بە یاسای بنەڕەتییەوە زیادکراوە کە ئەویش پۆستی سەرۆک وەزیری لە یاسای بنەڕەتیدا لاچووە و هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیر دراوە بە سەرۆک کۆمار. ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە خەڵکی ناڕازی ئێران ڕوخان و لەگۆڕنانی ڕژێمیان دەوێت و تێکۆشانی بۆ دەکەن ڕۆژ لەدوایی ڕۆژیش لەمەرگ و ڕووخان نزیکتر دەبێتەوە. لەقۆناغی ئێستای ئێراندا بەرەو گەشەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتی ئازادیخوازی مل دەنێ. ئەمەش بەهۆی ئەوەی چەوسانەوەو نایەکسانی و سەرکوتەکانی ڕژێم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەشیدەتر دەبێت لەلایەکی تریشەوە بەهۆی گەشەی وشیاری خەڵکی ناڕازی و چەوساوەی ئێرانە کە توانیویانە سوود لە مێژوویی تێکۆشان و ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و چالاکییەکانی دژ بەچەوسانەوەیان وەربگرن.

ئەگەر ئەم جارەش بەزەبری هێزی سەرکوت و زیندان وکوشت کۆتایی بەناڕەزایەتییەکان ڕژێم بهێنێت، بەڵام ناتوانێت قەیران و کێشەکانی چارەسەر بکات، چونکە کێشەکانی کۆمەڵگە زیاتر کێشەی چینایەتییە ئەمەش پێویستی بە چارەسەری چینایەتییە لەڕووی ئابوورییەوە بۆ ئەمەش لەگرەوی خەباتی جەماوەری یەکگرتووانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران و کوردستاندایە ئەم هەنگاوەش ڕێڕەوەی تێکۆشانی چینایەتی بەباشی دەستی پێکردووە لەناو گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی جیاوازییەکاندا بەردەوامیش ئەم بزووتنەوە جەماوەرییانە جۆگەی ڕێڕەوی خەباتیان یەکگرتوو دەکەن هەنگاو بە هەنگاو بەرەو گەشەی لافاوی شۆڕش و ڕاپەرینی سەراسەری چەوساوەکانی گەلانی ئێران هەنگاوی کاراتر دەنرێت. کەواتە ئەرکی هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازە لەهەرشوێن و وڵاتێک بێت بەهەرجۆرێک بۆی دەکرێت هاوکارو پشتیوان بێت بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە فاشیزمە لەئێران. لەئێستاوە خەڵکی ناڕازی باشترە کۆمیتەی شورایی شۆڕشگێڕی دابمەزرێنن لەگەڕەک و کارگە و شوێنەکانی ژیانیان هەنگاو بەهەنگاو تێکۆشانی هاوپشتی و یەکگرتووانەی شۆڕشگێڕی گەشە پێبدەن، ئامانجیان ڕووخانی ئەو ڕژێمە بێت دواتر خەڵک خۆی لەڕێگای شوراکانی خۆیانەوە حکومەتی شورایی دابمەزرێنێت...

# "ئافرەت لەنێوان توندوتیژی و ئاسەوارەکاندا"

نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر



پرسی ژن

؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر



توندوتیژی دیاردەیەکی شاراوە و نادیار نییە بەڵکو جیهانییە و تایبەت بە شوێنێک یان وڵاتێک نییە، بەڵکو بە پێی بەڵگەکان و هەواڵەکان و ڕاپورتی مافەکانی ژنان و ئەوەی کە خۆمان دیتومانە لە هەر شوێنێک ژن هەبێت توندوتیژیش هەیە، جا چ بە شێوەی نهێنی بێت یان چ بە شێوەی ئاشکرا، توندوتیژی سنووری نییە ، ژنان چ لە ماڵەوە بن ، چ لە دەرەوە بن، چ خوێندوار بن، چ نەخوێندوار و سەرقاڵی کار ی نێو ماڵ بن، چ لە بواری ئابوری دەوڵەمەند بن و چ هەژار و دەست کورت بن، چ جوان بن و چ ناشرین بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن پیاوانەوە تووشی توندوتیژی جینسی، دەرونی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و تەنانەت سێکسیش دەبنەوە.

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانی و بەرهەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتییە، و دنیای سەرمایەداری ئەمرۆش دریژەپێدەری ئەم زوڵم و ستەم و بێمافیەی ژنانە لە فۆرم و ئەلگۆی نوێدا. ئەم ستەمە هەزار سەرە لە ئێستادا هەموو میدیاکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و و سیاسی و ئابوری لە پشتە، ئەگەرچی بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان کات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چ بە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و چ بە کۆمەڵگای دواکەوتوو دەگرێتەوە. ژنان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا لە لایەن باوک ، برا، هاوسەر، کەس و کاری نزیک وەک خاڵو ومامە و تەنانەت ئاموزا و خاڵوزاش بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە، .بە پێی دەرەنجامی لێکۆلینەوەکانی چالاکانی مافی مرۆڤ ناوەندەکانی تەندروستی توندوتیژی دژی ژنان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەک تاک بەڵکە کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لە سەر تەندروستی خێزان و کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەش لێک بترازێت.

ئاسەوارەکانی توندوتیژی لەسەر ئافرەتان:

١ :سەرەتا لە سەر توندوتیژی جەستەیی قسە دەکەن: بەهەر جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ژنان وەک لێدان، سوتان، بڕین و دڕین و کوشتن، لەم جۆرە توندوتیژییەدا ئاسەواری توندوتیژی بە تەواوی بە جەستەی کەسی لێدراو دیارە، کە بە پێی نوێترین ئامارەکان ٢٥ % ژنانی گۆی جیهاندا بەرەوڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبنەوە و ژنان لە ترس و یا لەبەر شەرم وحەیا و ئابرو چوون باسی لێوەناکەن و زیاتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن، هەندێ جار بەشیک لە ژنانی ناهوشیار وا بیردەکەنەوە کە ڕەنگە ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان لە نێو خیزاندا یان کەسوکاریان بە باشی بە ئەنجام نەگەیاندووە هەقی خۆیانە کە توندوتیژیان بەرانبەر بکرێت.

٢ :توندوتیژی دەروونی: ئەم جۆرە توندوتیژییە بە رواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکی نییە و ناوەکی و دەروونییە و شمولی سووکایەتی پێکردن، تانە، تەشەر، جنێودان، بێ حورمەتی لە لایەن کەسانی جگە لە بنەماڵەو خێزانی خۆیان، تۆقاندن و بەکارهێنانی زمانی رەق و تەق و هەڕەشەو گوڕەشەیە. ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەری قوڵتر و مەترسیدارتر پێوەیە و کەسێک کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژییە بێت زیاتر گۆشەگیر و بێزار و خەمۆکە دەبێت و بە پێی وتەی پزیشکان ئەم جۆرە کەسانە زیاتر بیر لە خۆکوشتن و خۆسوتاندن دەکەنەوە.

٣ :توندوتیژی سێکسی:
ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لە لایەن هاوسەر و و کەسوکاری نزیکی ژنانەوە دەکرێت و ژنان تووشی شۆک و زیان دەکات. دەستدرێژی سێکسی و دووگیانبوونی زۆرە ملێ و لەباربردن و.... لە خۆ دەگرێت کە ئەم جۆرە لە توندوتیژی هیچکات لە دڵ و جەستەی ژنان ساریژ نابێت.

٤ :توندوتیژی خێزانی: باوترین شێوەی توندوتیژییە بە دژی ژنان کە تێدا کچان و ژنان بە کۆمەڵێک بیانووی پرو پوچ و دواکەوتوانە بەرەو رووی توندوتیژی دەبنەوە ، دڵپیسی یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیەکان و هەندێ جار نەزۆکیش (نازایی و بچەدار نشدن) دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ توندوتیژی دژی ژنان. گیرۆدەبوونی پیاوان بە ماددە سڕکەرەکان و بێکای پیاوان و تورەبوون و ناهۆشیاری پیاوانیش خۆی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی.

٥ :توندوتیژی کۆمەڵایەتی: زۆرجار بە بیانووی لادان لە نەریتی باو باپیران و لەکەدار کردنی شەرەف و ناموسی خێزان و هەڵسوکەوتی ناشیاو و ئابرووبەرانە ژنان لە لایەن باوک و برا و هاوسەر و کەسوکارەوە تووشی توندوتیژی دەبنەوە. هەندێ جار ژنان بە توندی دەکەونە ژێر چاودێری و هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان لێ زەوت دەکرێت و لەناو کەشوهەوایەکی پۆلیسی دا دەژین. بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لە بەرکردن و بێبەریکردن لە میرات و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتییەوە.

٦ :توندوتیژی ئابووری: لەم جۆرە توندوتیژیەدا ئەو ژنانەی کە لە دەرەوە کار دەکەن هەر چەند شان بە شانی پیاوان کاردەکەن بەڵام حەقدەستەکانیان، کەمە و زۆر جار لە لایەن بەرێوەبەر یان هاوکاران چ لە لایەنی جەستەیی یان دەروونی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە. یان لە ماڵەوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە یان کەسوکاریان بە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەندێ کاتیش ژنان لە میرات بێبەری دەکرین و لەمافی سروشتی خۆیان دوور دەخرێنەوە، دەستدرێژکردنی ژنان و سەربەخۆ نەبوونی ژنان بە بواری ئابوریدا خوی سەرەکیترین و هاندەرترین و کاریگەر ترین هەنگاوە بۆ توندوتیژی نواندن دژی ژنان.

هۆکارەکانی توندوتیژی بۆ سەر ژنان زۆرن و تاکۆ ئێستا بە سەدان جار باسی لە سەر کراوە، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە قسەی فەیلسوفێکی گەورە دەکەم سەبارەت بە سەرکەیترین هۆکاری توندوتیژی پیاوان دژ بە ژنان( فەیلەسوفی بەناوبانگی "جان ئیتیوارت مل" لە کتێبەکەی خویدا " کە لە ژێر ناوی بە کۆیلەکردنی ژنان نوسراوە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەسەر ئەو باوەردایە کە: سەرچاوەی بارودۆخی نالەباری ئێستای ژنان بۆ سەرەتاکان، دروست بوونی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە لە دەستپێکی مێژوو، ژنان خۆی وەک کۆیلەی پیاو بینی لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ لاوازی هێزی جەستەیی بگەڕێتەوە، هەروەها دکتۆر (نادیە رمسیس) ئاماژە بەوە دەکاتو دەڵێت" ئەو کاتەی کە پەیوەندی ژنو مێرد باشە یاسا وەدەر ناکەوێت, بەڵام ئەگەر پەیوەندیان خراپ بوو یاسا وەک شمشێر بۆ سەر ژنان دەردەکەوێتو گشت مافەکانو دەسەڵاتو هێز بۆ پیاو لە نێو دەستی یاسادایە بە بێ ئەوەی بۆ ئافرەت شتێ پێبێت...

**خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگە کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ...**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



## تاکەم زۆر بەرزە

لەبەردەم ئەودا من کەسێکی ترم
کەسێك بەفویەك ئەوەرێم
بەهەوای هەناسەیەك
ئەکەومە خوارەوە
بەچرپە چرپێك کەرو و لاڵ دەبم و
تەوازنم تێك دەچێت
لەپیاوێکی پیردەچم
کەدەگرێتەوە بۆسەردەمی منالی و
باسی هەلوکێن دەکات
خۆمم بۆڕاناگیرێت تەوازنم
بەتەواوی تێك چووەو
ئەڵێی جەڵدەی دەماغ لێیداوم
زوو زوو دەستی چەپم دەخەمە سەردڵم و
ئەڵێم کاتیەتی من وتۆ
پیاسەیەك بەناو
کۆڵانەکانی بێتاقەتی
خۆماندابکەین و
سەروو ئاوێنەیەکی بچوك
بخەینە بەرباخەڵمان و
بەخەیاڵ پێکەوە بفڕین

لەبەردەم ئەودا ناوی ڕۆژەکانی
هەفتەم بیردەچێتەوە
وەك شێتێکم لێدێت پەلاماری
هەمووشتێك دەدەم
قەترە قەترەی بارانم لێدەبێتە
وردە شووشەو

ناوێرم هەنگاوێك بەرەو خوارەوە بنێم
بەتەواوی قسەم بیرچۆتەوە
لەخۆمەوە شتی هەڵیتو پەڵیت دەڵێم
ئەگەمە ئاست هەرژنێك گیانم دەلەرزێت

بەتەواوی تەوازنم تێك چووەو
یەك ڕەنگم بۆلەیەك
جیاناکرێتەوە
چاوەکانم ڕەشکەو پێشکە دەکەن
شتی ناخۆش ناخۆش
بەخەیاڵمادێت
بەشەرەکان بە سەربەرەو
خواری دەبینم
دەست دەبەم بۆسەرم وائەزانم
گوێچکەمەو
دەخورێت

ئەدرێسەکەم بیرچۆتەوە
نازانم لەچ گەرەکێك دەژیم
وابزانم دەرگای ماڵەکەم
ژمارەی لەسەر نیە دەنا ئەو
هەموو نامەیەم بۆنەدەهات
براڕۆ چەندە شپرزەم
سترێس خەریکە سەرم کون
کون دەکات
حەزم لەخواردنەوەی

قاوەیەکەو
هێزم تیانیە هەستم ئامادەی کەم
نازانم قوتوی قاوەکە
لەکوێدایەو

دەرگای کەوانتەرەکەم
بۆناکرێتەوە
خودایە گیانم زۆر دەلەرزێت
سنگم پڕبووە لەئاو هەناسەم
بۆدەرنایەت
نازانم شەوە یان ڕۆژە
لەبەر خۆمەوە قسە دەکەم
خۆشم لەخۆم تێناگەم چیدەڵێم

وابزانم تاکەم زۆر بەرزە
ئەزانم دایکم لەسەر خەتەو
وەلامو
بۆنادرێتەوە دەستم ناگاتە
ئامێری
تەلەفونەکەو ناتوانم بڵێم
ئەوەتۆی دایە گیان
تاکەم زۆر بەرزە
...........

**میرزا**
**٢٥/٦/٢٠٢١**



## بەفر هەتا
## چۆکان باریبوو

هێشتا کەڵەبابە خەوخۆشەکان وەخەبەر نەهاتبوون، کزەیەک سەرژمێری شوێنپێی ئەو سوێسکانەی دەکرد کە نیوەشەو کەوتبوونە سەر ڕوومەتی زستان، چۆلەکەکان بەدەست بۆڵەبۆڵی سەرماوسۆڵەوە وەڕەس بوون، دەست و پەنجەی سروشت بەستبووی، نازی سەهۆڵ... تەوقەئاسا لە قژی سەرمابردووی درەختەکان هاڵابوو، سەروگوێلاکی تاشەبەرد بە ئاستەم دەبینرا، هێشتا لێوی کانیاوەکان خاو نەبوبوونەوە، نسارەکان پڕبوون لە تەرمی خۆزگەی گێلاخە، کەروێشکێکی دەستگیراندار لەنێو تەمومژی خەیاڵدا چاوی بڕیبووە دڵڕەقیی بەفر، شەوگار پەلوپۆی شەوی دەتەکاند، لە کەلی کۆترە هەتیوبارەکە، پیرەهەڵۆیەک بە ڕازیکردنی دڵی تەوارێکی عازەبەوە خەریکبوو، لە شانی شیلانە زڕەکە، سمۆرەیەکی دەم بەگلەیی گوێیدابووە دەردەدڵی کەڵەکێویەکی بە کەسیرەکەوتوو، لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم تاڵەمووی پەرچەمی هەتاو، لە ملەی گزنگە لارەملەکانەوە، بەدیوی ئەمدیوی چاڵە ئومێدەکاندا، بە گوللەی ڕاوچیەک مەڕاڵێکی تازەپێگەیشتووی عاشق کوژرا..

*گێلاخە: گیایەکی بەهارییە لە توخمی کنگر، گۆزڕوان، تۆڵەکەو تادوایی..

*شیلان: درەختێکی کورتەباڵایە وەک بەلاڵوک، گوڵی سپی دەگرێ و بەرەکەی وەک گۆێز وایە..

*مەڕاڵ: مامز، ناسک..

---

**ئارام حەسەن**




دوو
بەرهەمی
نوێی
هونەرمەند
هیوا ساڵح



گۆشەی ئەدەب و هونەر



# لۆغان .. ئەو نامیلەکە شیعریەی لەزیندانی فاشیەکاندا لەدایك بوو..

نووسینی: جەمال نوری

لۆغان ئەو تێکستە شیعرییانەی ئازاد مامی یە، لە ڕووی شێوەو ناوەرۆکەوە، پشتی بەستوە بە قوتابخانەی شیعریی کلاسیکی و لەوێوە شاعیر دەیەوێ موخاتەبەی ڕۆحی خۆیی پێ بکات.

هەڵبەت نوسینی شیعر بەر لە هەموو شتێک گەڕان و پشکنینی هەستە شاراوەکانی شاعیرە، لەدیووی ناوەوەی عەقڵی باتنی دا دەیەوێ لە لاشعورەوە "گرێ کڵۆم دراوەکانی بهێنێتەوە ناو "شعور" واتە شاعیر دەیەوێ لەدەرگا تاریک و نوتەکەکانی (بوون) ەوە، بچێتە ژوورەوە، دەرگایەک کە بە قفڵە ژەنگرتوەکانی زەمەن کڵۆم دراوە وەلێ مامی دەیەوێ هەستە باڵاکانی لەڕووی ویژدان و عاتیفەوە ئاوێزانی عەقڵ ببێ، تاوەکو بەکلیلی عەقڵ ئەو دەرگایە بکاتەوەو بیخاتە سەر گازەرای پشت، واتە دەقە شیعریەکانی"مامی" گەرچی خۆی لە غەزەڵ و عاتیفە دا دەبینێتەوە وەلێ شاعیر ڕێگای شیعر هەڵدەبژێرێ تاوەکو زام و ئازارەکانی ژوورە ئینفرادیە تاریک و نوتەکەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس لەبیر بکات، و لاپەڕەیەکی نوێ لەدوای زیندانی جەستەیی ئیدی ڕۆحی ئازاد ببێ لەسایەی دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردیداو شا ڕێگای ئەدەب و شیعرو ئەدەبی وەرگێڕان بگرێتە بەر تاوەکو لەڕێگای ژانەری ئەدەبەوە حیکایەتی ڕۆژە سەختەکانی ژیانی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی و زیندانی هەئیەی کەرکوک لە لاپەڕەکانی ژیانیدا بنوسێ و بگێڕێتەوە، تاوەکو نەوەکانی ئەمڕۆ بەهای ئەم ئازادی و کەش و هەوا دیموکراسیەی هەرێم نرخەکەی بزانن و بەچاوێکی پڕ شکۆ لە تێکۆشان و قوربانیدانی شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات بڕوانن بە نمونەی ئازادی مامی ... ئەو بۆ ئەوە تەمەنی جوانی دانا. بەڵام ئەفسوس هیچ کام لەم خەونانەی ئازاد مامی نەهاتنە دی، نە ژماردنی ڕۆژانی پێشمەرگایەتیەکەی و نەبرینی جەستەی کەلەزیندانە تاریکەکانی ڕژێم هەنجن هەنجن دەکرا لەم ڕێگایە لەسایەی ئازادی و ڕزگاری هیچی بۆ هەژمار نەکرا، نە لەبواری ئەدەب و شیعرو وەرگێڕانیش نوسەرانی کورد هاوپشتیان کرد.

لەکاتێکدا خاوەنی دیوانە شیعری
لۆغان وچەند کتێبی وەرگێڕانە لەزمانی فارسیەوە بۆ زمانی کوردی کە نەکەوتونەتە بەر چاپ و بەردیدەی خوێنەران.،.

ئەوەی لەبەردەستە دیوانەکەیەتی کە توانیویەتی چەند نوسخەیەک چاپ بکات تاوەکو سپۆنسەرێک هەبێت پشتگیرو پشتیوانی بێ .

زمان و وێنایی شیعریی لە نامیلە شیعری "لۆغان" ی ئازاد مامی

ئەوی شاعیر دەیەوێ ئەوەمان بۆ تەوزیف بکات ، کەدەقی شیعری، پابەند نی یە بە چەندایەتی، هێندەی وابەستە بەچۆنایەتییەوە، چۆنایەتی شیعر خۆی لەوەدا نمایش دەکات کە بتوانێ هزری مرۆڤ بووروژێنێ و پرسیار گەلێک دروست بکات لای موتەلەقی.

سەرەتا بەرلە هەرکەسێک شاعیر خۆی بەر ئەو تێکستانە کەوتوە، لەڕێگای ئەم دەقە شیعرانەیەوە دەیەوێ پێمان بڵێ، شیعر زادەی خەیاڵ و فەنتازیاو ژانەری زیندووی ئەدەبە، لەڕێگای زمان و وێنەی شیعریەوە.

شیعر لای (مامی)، هێندەی گرێدراوی زمان و فەنتازیا و خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیرە، ئەوەندە گرێدراوی ئیلهام نی یە، چون کەرەستەی شاعیر بۆنوسینی شیعر وشەیە،

کاتێک دەووترێ شیعر ئیلهامە، کەواتە بەم پێودانگە بێت گەرچی شاعیر بێئاگا بێ لە زمان وخاوەنی پاشخانی فیکری و ڕامان نەبێ لەسەر عیشق و دنیای ئێستاتیکاو جوانی هونەری شێعر نووسین.. ئیدی ئیلهام چۆن دەتوانێ شیعری پێ بنوسێ؟ لەکاتێکدا خۆدۆزینەوەی لە شیعری کلاسیکدا کە شارەزایەکی تەواوی دەوێ لە ڕوانبێژی و زمان و وێنای شیعرو خەیاڵ و ئیقاع .

گەر لەتێکستەکانی ئازاد مامی وورد بینەوە لە نامیلکەی شیعری لۆغان، هەست دەکەین شاعیر سەلیقەیەکی باشی هەیە لەزمان و ڕەوانبێژی و ئیقاع و وێنای شیعری، ئەمەش ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە ئازاد بۆ نوسینی دەقە شیعرەکانی کاریگەری گەورە شاعیرانی وەک مەحوی و بێخود و وەفایی پێوەدیارە، کەدەکرێ لە هەنگاوەکانی داهاتویدا ببێتە خاوەنی دەنگی شیعری خۆی کە خوێنەر بەسانایی بتوانێ زمانی شیعری بناسێتەوە.

مامی" لە لۆغان دا دەیەوێ چ بڵێ ..؟

مامی، لەم نامیلە شیعریەیدا، بە خەمێکی قووڵی شاعیرانەوە، دەیەوێ بڵێ، ئەمێستا لەم سەردەمەی تیایدا دەژین، چی زۆر بووە، شاعیرۆکە، لێرەو لەوێ، بەبێ ئەوەی زمانی نوسینی شیعریان تەواو بێ، بەبێ ئەوەی پاشخانێکی فکری باشیان هەبێ و توانای دنیای بینینی خۆیان بن بۆ ژیان و سروشت و بوون و لەڕێگای پرسیارە فەلسەفیەکانەوە بیانەوێ گوومانخوازی بهێننە کایەوە، ناوەندەکەیان تێک داوەو پشێوەیەکی نائەدەبیان دروست کردوە،؟ داخم ناچێ ژمارە و مۆڵەتی سپاردنی پێ دەبەخشرێ بەبێ ئەوەی ئەو جۆرە نووسینانە توانیبێتان نەک خزمەت بە ئەدەب بەڵکە زەرەریشیان لە ڕەوتی ئەدەبی داوە؟ کە جێگای پرسیارە ئەم بێ سەرو بەرەیی یە بۆ و کێ لەپشت ئەم دیاردەوەیە..؟

لۆغان... جگە لەوەی ژمارەیەک شیعری کوردی لەخۆ گرتوە، لەهەمان کاتیشدا، شیعرە کوردیەکانیشی کراوەنەتە زمانی عەرەبی، کەلەلایەن مامۆستای عەرەبی زان عبدالستارەوە کراونەتە عەرەبیەکی پاراو.

زمانی شیعری شاعیر لە لۆغان دا، زمانێکی دەوڵەمەندە، واتە کاتێک بەر دەقەکانی دەکەوی دەزانی کە شاعیر شارەزاییەکی باشی لە زمانی عەرەبیدا هەیە، شێوازی نوسینی شیعرەکان، دەچێتە خانەی قوتابخانەی کلاسیکی لە ئەدەبدا، بەڵام مامی نەهاتوە لەسەر پێنچخشتەکی شاعیرانی کلاسیک بێت تەخمیسی شیعرەکانیان بکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ هاتوە لەژێر کاریگەری (مەحوی )، شیعرە تەسوفیەکانی نوسیوە، تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە،




لەهەمان کاتدا بۆ شیعرە غەزەڵەکانیشی لەژێر کاریگەری حەزرەتی نالی!!، غەزەڵە شیعریەکانی برەوی پێداوە بەڵام بە هەر لەژێر کاریگەرێتی شاعیرانی سێ کۆچکەیی باباندا ماوتەوە. دەەوێت ئەزمون زمانی شیعری و خەیاڵی فراوان بکات. . ----------

**کوفری کوبرایە طەڵەبی ماچ و نظری زوڵفی خاو**
**بۆ هەر تاوانێک سزایەک جابەدەر لەبەرزەخی ساو**

**مەحرومە لەشوربی شەراب لەبۆ بەد مەستانە عیقاب**
**لێوبڕین بوداوای قوبلە بۆنظر هەڵکۆڵینی چاو**

**پەروەردگارا سزوارم ئەما عالیت ئەرەحمێنێ**
**لەیوم الحشر گریانێ کەم تاوشک هەڵدێ چاوم لەناو**

**ماوەرای عەقڵی بەندەبوو طە ڵەبێ ماچ کوفرەو خەتا**
**بەخششت فەزڵی ڵێوم کەبۆ نزای لیل تا خۆرەتاو**

**دیدە نی طریق النور شم نیە سۆمای چاوە**
**لێبوردن لای بزورگانە بێئاگام نظر تۆڕەو داو**

**قبوڵی دەرگای حەقیقەت بێت واوەێڵاو تۆبەی بەندیم**
**دێمە بەردەرگای قیبلەگات پەشیمان و ئەژنۆ شکاو**

**"مامی " جاهل و نەزانە سەراپای غەرقی ئیشتیباە**
**فەلەک دەورانت بگێڕە نەکا بشکێ مل لە ناکاو**
**-ئازاد مامی-**

# گۆشەیەکی پرشنگدار لە مێژووی چینی کرێکاری ئەمریکا

نووسینی: عامر سابیر

**پێشەکییەکی کورت و پێویست:**

لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1929 دا سیستەمی سەرمایەداری لە ئاستی دنیادا تووشی داڕوخان و قەیرانێکی قوڵ بوو. کە لەبەر گەورەیی دارمانەکە و کارەساتبارە ترسناکەکانی بە (گرەیت دیپرێشن) ناسراوە. کە لە زمانی کوردیدا بە (گرانی گەورە) ناوبراوە. کە تیایدا لە وڵاتیکی وەک ئەمریکادا 25٪ی هیزی کار بێکارکران و بە دەیان ملیۆن کرێکار کارەکانیان لەدەستدا. بە ملیۆنان کەس لە خانووەکانیان دەرکران و بێ لانە کران. هەژارییەکی زۆر و




برسێتییەکی بێ وێنە بڵاوبۆوە.

بەڵام خاڵی پرشنگدار و هیوابەخشی ئەو کۆمەڵگەیە لە کاتی ئەم ئەزمە قوڵەدا، ئەوە بوو کە سێ حیزبی گەورەی چەپ و کۆمۆنیستی تیادا هەبوو، لەگەڵ کۆنفیدراسیۆنێکی نەقابەکرێکارییەکانی ئەمریکا. کە بریتی بوون لە:

حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا

حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا

حیزبی سۆشیالیستی کرێکاری ئەمریکا

یەکێتی نەقابە کرێکارییەکانی ئەمریکا کە بە (ڕێکخراوەکانی کۆنگرەی پیشەسازی) ناسراوبوو.

Communist Party of the United State of America (CPUSA)

Socialist Party of America (SPA)

Socialist Labor Party of America (SLP)

Congress of Industrial Organizations (CIO)

**وەڵامی کرێکارانی ئەمریکا بە گرانی گەورە (گرەیت دیپرێشن):**

چینی کرێکاری ئەمریکا بۆ وەڵامدانەوە بە دەرئەنجامە ترسناکەکانی ئەم ئەزمەیەی سەرمایەداری. خۆیان زیاتر ڕێکخراوکرد و بەڕیزی ملیۆنی پەیوەست بوون بە نەقابە کرێکارییەکان و حیزبە کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانەوە. ئەندامانی هەریەک لەم حیزبە سیاسی و نەقابە کرێکاریانە بە دەیان جار چووە سەرەوە. خۆپیشاندان و نارەزایەتی جمەی ئەهات لە شارەکانی ئەمریکادا. ئەم سێ حیزبە و نەقابە کرێکارییەکان، کواڵەیشنێکیان (هاوپەیمانێتی) یەکیان پێکهێنابوو و وە یەکیان گرتبوو تیایدا.

لە ساڵی 1933دا، کاتێک فرانکلین ڕۆزەڤێلت (1882-1945) کە سەر بە حیزبی دیموکرات بوو، تازە ببوو بە سەرۆکی ئەمریکا (32 هەمین سەرۆکی ئەمریکا). ڕۆزەڤێلت کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ نووێنەرانی حیزبی کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان و نەقابەکرێکارییەکان کە لە کواڵەیشنێکدا پێکەوە خۆیان ڕێکخستبوو. ئەم نوێنەرانە داخوازییەکانیان دا بە ڕۆزەڤێلت تا بە زوویی بۆیان جێبەجێ بکات. وە پییان وت کە ئەگەر جێبەجێی نەکەی ئەوا ڕێگەی تر ئەگرینەبەر و باسیان لە شۆڕش ئەکرد. ڕۆزەڤێلت سیاسییەکی زیرەک بوو، پێی نەوتن نا. وتی ڕێگەم بدەن بیری لێبکەمەوە و وەڵامتان ئەدەمەوە.

لە پاش دوو سەعات لەم کۆبوونەوەیە، ڕۆزەڤێلت تەلەفۆنی کرد بۆ سەرمایەداران و بزنس کۆمیونیتی ئەمریکا و داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کردن. کە ئەمە ئاسان بوو بۆ ئەو، چونکە ئەو خۆشی یەکێک بوو لەوان و زۆربەیانی ئەناسی و برادەری یەکتربوون.

لەم کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ سەرمایەدارانی ئەمریکادا، ڕۆزەڤێلت پێی وتن کە من تۆزێک پێش ئێستا کۆبوونەوەم لەگەڵ نووێنەری کۆمۆنیست و سۆشیالیست و نەقابە کرێکارییەکاندا هەبوو. کە ئەوان زۆر تورەن و داخوازییەکانیان داوە بە من تا بۆیان جێبەجێ بکەم. ئێستا هاتووم بۆ لای ئێوە و دوو داواکاریم لیتان هەیە؛

یەکەم: داواتان لێ ئەکەم کە ڕێگریم لێ نەکەن لەوەی ئەیکەم بۆ یارمەتیدانی ئەوان.

دووەم: داواکارم کە نەک هەر ڕێگریم لێ نەکەن، بەڵکو یارمەتیم بدەن تا بتوانم یارمەتی خەڵکی ئەمریکا بدەم لەم ئەزمەیەدا.

ڕۆزەڤێلت پێی وتن، خۆتان ئەزانن کە لەم ئەزمەیەدا خەڵک زۆر بێکار بووە. حکومەت پارەی نییە و باجی نایاتە دەستەوە تا بتوانێ یارمەتی ئەوان بدات. بۆیە ئەبێت ئێوە بەشێک لە پارەکانی خۆتانم بەنێ تا یارمەتی خەڵکی پێ بدەم. وە ئامۆژگاریتان ئەکەم کە ئەمە بکەن، ئەگەر نا، ئەوا ئەو کۆمۆنیستە تووڕانە باس لە شۆڕش ئەکەن. پێی وتن ئەزانن شۆڕش یانی چی؟ یانی وەک ئەوەی چەند ساڵێک لەمەوپێش لە ڕوسیا ڕوویدا. بۆیە ئەگەر یارمەتی من نەدەن، ئەوا ئەوان کارێک ئەکەن کە پارەتان هیچ نەمێنێ. بۆیە ئامۆژگاریتان ئەکەم کە بەشێک لە پارەکانتان بدەن بە من تا داخوازییەکانی ئەوانی پێ جێبەجێ بکەم.

ئەم قسانەی ڕۆزەڤێلت سەرمایەدارانی کرد بە دوو بەشەوە. بەشێکیان ڕازی نەبوون و قاعەکەیان بەجێهێشت و تووڕەبوون. بەڵام توانی نیوەیان ڕازی بکات. ئەمە بەس بوو بۆ ئەو، بە نیوەی ئەوان توانی داخوازی نوێنەرانی کواڵەیشنەکە جێبەجێ بکات.

ڕۆزەڤێلت ڕۆیشتەوە بۆ لای کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان و پێی وتن کە من هەموو داخوازییەکانتان بە زیادیشەوە بۆ جێبەجێ ئەکەم، بەڵام بەو مەرجەی کە ئیتر ئێوەش باسی شۆڕش نەکەن و لە ئەجندای خۆتان دەریکەن. نوێنەرەکان زۆربەیان نەک هەموویان ڕازیبوون بەم ڕێکەوتنە.

ڕۆژی دواتر ڕۆزەڤێلت چووە سەر ڕادیۆ (کە لەو ڕۆژگارەدا تەلەڤزیۆن نەبوو هەر ڕادیۆ هەبوو) و سیستەمی سۆشیال سیکیوریتی (تەئمینی کۆمەڵایەتی) ڕاگەیاند. کە بۆیەکەم جار بوو لە مێژووی ئەمریکادا و وتی هەر کەسێک لەسەرو 65 ساڵەوەیە تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بێت، مانگانە لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە چەکێکی بۆدێت تا ژیانی پێ دابین بکات.

ئەمە گۆڕانکارییەکی گرنگ بوو. تا ئەو کاتە کە بەخێوکردنی کرێکارانی خانەنشینکراو کەوتبووە سەر شانی نەوەکانی ئەو کرێکارانە خۆیان. بەم بڕیارە نەوەکانیان لە خەمی ژیانی ئەوان ڕزگارکران، تا زیاتر بپەرژێنە سەر ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان.

ڕۆژی دواتر بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەمریکادا ڕایگەیاند کە هەر کەس بێکار بێت ئەوا بیمەی بێکاری پێ ئەدرێ تا ئەو کاتەی ئیشێکی شیاو ئەدۆزێتەوە.

ڕۆزەڤێلت هەر لەوماوەیەدا ڕۆیشتەوە سەر ڕادیۆ و ڕایگەیاند، کە حکومەتی ئەمریکا یارمەتی ئەوانە ئەدات کە بێکارن و ئیشیان بۆ ئەدۆزێتەوە. ڕۆزەڤێلت وتی خەڵک زۆر بێکارە، ئەگەر کەرتی تایبەت و سەرمایەداران و کۆمپانیاکان ناتوانن یان نایانەوێ ئیش بدەن بە کرێکارانی بێکار. ئەوا ئەرکی سەرشانی من و حکومەتی




ئەمریکایە کە ئیش بۆ دانیشتوان بدۆزێتەوە. وە بەپێی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو 15 ملیۆن کرێکاری کردە سەر کار و لە کەرتی گشتی دایمەزراندن. ئەم 15 ملیۆن کەسە لە کرێکارێکی ناشارەزاوە تا دارتاش و پەیکەرساز و ئەندازیار و میوزیک ژەنی تیادا بوو. زۆربەی ئەو باخچە (پارک) ە نایاب و پەیکەرە سەرنجڕاکێش و پردانەی ئێستای ئەمریکا، بەرهەمی دەستی کرێکارانە کە لە گرانی گەورەدا لەم بەرنامەیەدا ئیشیان کرد.

سەرنج بدەن، لەوکاتەدا سەرجەم دانیشتوانی ئەمریکا نزیک بە 127 ملیۆن کەس بوو. دەوڵەت 15 ملیۆن کرێکاری لە کەرتی گشتی دامەزراند. یانی ئەگەر بەراوردی بکەین بە ئێستا کە دانیشتوانی ئەمریکا نزیک بە 330 ملیۆنە، واتە حکومەت 38 ملیۆن هەلی کار لە کەرتی گشتی بڕەخسێنێ بۆ کرێکاران.

هەر لەو کاتەدا (1933) ڕۆزەڤێلت بۆ جارێکی تر چۆوە سەر ڕادیۆ و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا لانی کەمی کرێی دیاری کرد کە 0.3 دۆلار واتە (30 سێنت) بوو بۆ هەر سەعاتێک. کە لە ئێستادا (2021) لانی کەمی کرێی حکومەتی فیدراڵی ئەمریکا ($7.25) دۆلارە، کە لە ئێستادا نزمترینی لانی کەمی کرێیە لە نێو وڵاتانی (ئۆ ئی سی دی)دا.

OECD= Organisation for Economic Co-operation and Development

ئەم بڕیارانەی کە سەرۆکی ئەمریکا فرانکلین ڕۆزەڤێلت لەو کاتەدا دەریکرد لە ژێر فشاری چینی کرێکاری ئەمریکادا بوو کە خۆیان ڕێکخستبوو لە حیزبی

کۆمۆنیست و دوو حیزبی سۆشیالیست و سەندیکا کرێکارییەکاندا. دەرکردنی ئەم بڕیارانە، ئەم سەرۆکەی کرد بە خۆشەویستی خەڵک و شەعبییەتی بەرزبۆوە و چوار جار لەسەر یەک هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا. تا لە 12ی ئەیپرڵی 1945 دا بە جەڵتەی مێشک کۆتایی بە ژیانی هات، لە کاتێکدا لە تێرمی چوارەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بوو.

ڕۆزەڤێلت بۆ ئەوەی پارە دابین بکات بۆ ئەو بڕیارانەی کە لە بەرژەوەندی چینی کرێکاردا دابووی. زەریبەی سەر کۆمپانیاکانی سەرمایەدارانی زیاد کرد. ڕۆزەڤێلت لەبارەی زیادکردنی باجی سەر کۆمپانیاکان، بڕیاری نارد بۆ کۆنگرێس و داوایکردبوو کە هەر کۆمپانیایەک ئەگەر ساڵانە لە سەرو 25 هەزار دۆلار (بە پێوەری ئێستا واتە نزیک بە 490 هەزار دۆلار) زیاتر قازانج بکات، ئەوا ئەبێت 100٪ بیدات بە دەوڵەت.

ناردنی ئەم بڕیارەی ڕۆزەڤێلت بۆ کۆنگرێس، سەرمایەدارانی تووڕە کرد و موناقەشەی زۆری لەسەر کرا لە کۆنگرێسدا. تا سەرئەنجام بە 96٪ ڕازیبوون. تەنانەت تا ساڵانی 1970ش باجی سەرکۆمپانیاکان 70٪ بوو.

لە 2017 دا باجی سەرکۆمپانیاکان 35٪ بوو. دۆناڵد ترامپ بڕیاری داو ئەمەشی کەمکردەوە و لە 1/1/2018 ەوە بوو بە 21٪. وە ئێستا جۆ بایدن نیوەی ئەوەی ترامپ بڕیبووی زیاد کردەوە و کردی بە 28٪.

سەرنج بدەن، ئەگەر ئێستاش وەک سەردەمی گرانی گەورە، باجی سەرکۆمپانیاکان بکرێ بە 96٪. لە کاتێکدا لە ئێستادا قازانجی هەر یەک لەو کۆمپانیا گەورانە دەیان بلیۆن دۆلارە ساڵانە. ئایا ئەتواندرێ چەند گۆڕانکاری گەورەی لەبەرژەوەندی 99٪ی دانیشتوانی ئەمریکادای پێ بکرێ.

**هێرشی پێچەوانەی سەرمایەداران و چینی بۆرژوازی ئەمریکا بۆ سەر چینی کرێکار:**

ڕۆزەڤێلت پێش ئەوەی بمرێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پرسیاریان لێکرد کە، ئایا باشترین شت تا ئێستا لەماوەی سەرۆکایەتییەکەتدا کردبێتت بۆ ئەمریکا چییە؟ لە وەڵامدا وتی باشترین شت کردبێتم ئەوەیە کە سیستەمی سەرمایەداریم لە ئەمریکادا پاراست.

لە پاش مردنی ڕۆزەڤێلت، سەرمایەداران و حیزبی کۆماری یاسای تازەیان دەرکرد و بڕیاردرا کە لەمەودوا هیچ سەرۆکێک نابێت لە دووجار زیاتر خۆی کاندید بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا.

سەرمایەداران و چینی بۆرژوازی ئەمریکا ئەوەیان لا ڕۆشن بوو کە ڕۆزەڤێلت لە ژێر فشاردا ئەو بڕیارانەی لە دژیان دەرکردبوو. بۆیە هێرش و ڕوی ڕمیان کردە ئەو هاوپەیمانێتییەی کە لە بەینی کۆمۆنیست و سۆشیالیست و نەقابە کرێکارییەکاندا هەبوو.

سەرەتا هێرشی یەکەمیان کردە سەر گونجاوترین ئەڵقەی ئەو هاوپەیمانێتییە. کە حیزبی کۆمۆنیست بوو بۆیان. لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا کۆمۆنیستەکان لە ڕابەرانی خۆشەویستی خەڵکەوە، لە نوێنەرانی باوەڕپێکراوی مامۆستایان و کرێکاران و ناوەندەکان و گەڕەکەکانەوە، لە بیرمەندی بە ئیعتیباری زانکۆکانەوە، کرانە سیخوڕ و بەکرێگیراوی بێگانە و یەکێتی سۆڤییەت. هەندێکیان تیرۆرکران یان ئەشکەنجە و زیندانی کران، یان دیپۆرت کران و ڕەوانەی ئەو وڵاتانە کرانەوە کە خۆیان یان باوباپیرانیان لێوەی هاتبوون. بە ڕەسمی کار و چالاکیان قەدەغە ڕاگەیەنرا و بە دوژمنی وڵات و دانیشتوانی ئەمریکا وەسفکران.

سەرمایەداران کە لەم کارەدا سەرکەوتووبوون و حیزبی کۆمۆنیستیان تێکشکاند. ئینجا بە هەمان بیانوو هێرشیان کردە سەرحیزبە سۆشیالیستەکان و وتیان ئەمانیش هەر کۆمۆنیستەکانن و تەنها ناوەکانیان جیایە. ئەمانیشیان قەدەغە کرد و لەناویانبردن و نایاسایی ڕاگەیەنران.

کە لەم کارەشدا سەرکەوتووبوون، ئینجا بە شێوەیەکی سیستیماتیک هێرشی بەربڵاویان کردە سەر نەقابە کرێکارییەکان و لاوازیان کردن و تەبلیغی ژەهراویان لە دژ ڕاگەیاندن و ڕێگریان بۆ دروستکردن تا کەسانی تر پێیانەوە پەیوەست نەبن. ڕابەرەکانیان زیندان ئەکردن و ئەشکەنجەیان ئەدان.

بۆ ئەوەی نەقابەکان نەتوانن ئەندامگیری بکەن و ئەو ئەندامانەی هەشیانە لەدەستی بدەن. بڕیاریاندا کە هەر بڕیارێک ئەوان لەگەڵ خاوەنکارەکاندا لەسەری ڕێک کەوتن ئەوا ئەو بڕیارە هەر بۆ ئەندامانی نەقابەکان نییە وهەموو کرێکارانی ئەو ڕشتەیە بەهرەمەند ئەبن لێی. لەم ڕێگەیەوە بە ناڕاستەوخۆ بە کرێکارانیان ئەوت بۆ ئەبن بە ئەندامی نەقابە و ئابوونەیان ئەدەنێ. ئەگەر ئەندامیش نەبن هەر بڕیارێک دەرچێت تۆش ئەگرێتەوە. ئەمانە سەرەڕای تەبلیغی ژەهراوی ئەوەی کە ئەیانوت ئەگەر ببن بە ئەندام ئەوا ئازادی فەردی لەدەست ئەدەن. حیزبە چەپ و نەقابە کرێکارییەکانیان بە دێوەزمە ئەناساند.

هەر لەوکاتەوە ئیتر کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی سۆشیالیستی لە ئەمریکادا سەرکوتکرا. ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سەرمایەداری قەدەغەکرا. بەکارهێنانی وشەی کۆمۆنیست و سۆشیالیست نایاسایی ڕاگەیەنرا. ئەندامانی نەقابە کرێکارییەکان لە 80-90٪ ەوە کەمکرایەوە بۆ کەمتر لە 10٪.

ئەم وەزعییەتە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە درێژەی کێشا، تا سێپتەمبەری ساڵی ٢٠١١. تا کاتێک بزووتنەوەیەکی تازە سەریهەڵدا. کە بەردەوام بزووتنەوەی تازە لێرە و لەوێ گەشە ئەکات و سەردەردێنێ. ئەم بزوتنەوەیە ناوێکی سەیری هەبوو " ئۆکیوپای ۆڵ ستریت- داگیرکردنی شەقامی ۆڵ". وە لەمەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەمە بزوتنەوەیەک بوو کە گەنجان ڕێکیانخستبوو کە زۆر دلێر و شۆڕشگێڕ و هێرشبەربوون و لە ناوەندی شاری نیویۆرکدا لە پارکێک لە مانهاتن خێمەیان هەڵدابوو. ئەم بزووتنەوەیە وەک ئاگری دارستان پڕیشکی هاویشت و بڵاوبۆوە، کە لە ماوەی سێ مانگدا لە ٣٥٠ شاری ئەمەریکادا گەنجان هەمان کاریان دووبارەکردەوە. ئەوەی لەم بزووتنەوەیەدا خاڵی زۆر بەهێز بوو، ئەوە بوو کە ڕەخنەیان لە کەپیتالیزم نەشاردەوە و ئەمانە کارێکیان کرد کە هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ماوەی شەست و پێنج ساڵی ڕابردوودا نەیوێرابوو بیکات لە ئەمەریکادا. شیعاری سەرەکیان بریتی بوو لە ١٪ بەرانبەر ٩٩٪. کە ڕەخنەکەیان هێندە بە سادەیی و کارامەیی بەیان کرد لە دژی سەرمایەداری، تەنانەت سەرۆکی ئەمەریکاش لە پاش دوومانگ ناچار بوو هەمان شیعار لە وتاری خۆیدا بەکاربهێنێ. ڕەخنەیان لە ئیقتسادی سیستەمی سەرمایەداری ئەوە بوو کە ئەم سیستەمە کۆمەڵگە دابەشدەکات بە ١٪ کە دەسەڵات و سەروەتی زۆی هەیە، وە لە بەرانبەریشدا ٩٩٪ کە هیچیانی نییە یان بەشێکی زۆر کەم لە هەردوکیانی هەیە. ئەم بزووتنەوەیە زۆر درێژەی نەکێشا، بەڵام ئەمە پێویستە کەس تووشی سەرسوڕمان نەکات. بزووتنەوەی لەم جۆرە هەڵئەتۆقێ و هەوڵئەدا جێپێی خۆی بگرێ و زۆر جار لە هەنگاوی یەکەمدا سەرکەوتوونابێت.

لە ئێستادا بۆ جارێکی تر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی لە ئەمریکادا لە گەشەکردن و پەرەسەندنێکی بەرچاو و بەردەوامدایە و ئومێدی گەورەی لێ چاوەڕوان ئەکرێ.

**هەژموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەسەر کرێکارانی ئەمریکاوە:**

شۆڕشی کرێکارانی ڕوسیا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی 1917 دا بە ڕابەرایەتی لینین و حیزبی بەڵشەفی، گەورەترین ڕووداوی دنیا بوو لە سەدەی بیستەمدا. هەژموونی ئەم شۆڕشە بەسەر کرێکارانی ئەمریکا و تەواوی دنیاوە زۆر کاریگەر بوو. ئەوە ڕاستە کە کرێکارانی ئەمریکا بە خۆ ڕێکخستن و یەکگرتنیان توانیان داواکانیان بسەپێنن بەسەر چینی سەرمایەداردا. بەڵام لە هەمان کاتدا هەژموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەئاسانی ئەتواندرێ هەست پێ بکرێ. ئەوەی لە گرانی گەورەدا کرێکارانی ئەمریکا بەدەستیان هێنا تا ئەوەی باڵی چەپی بۆرژوازی لە ئەورووپادا زیاتر



دەوڵەتی ڕیفای هەموارکرد و زیاتر داخوازییەکانی کرێکارانیان دەستەبەر کرد، هەمووی بەرهەمی خەتەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. بەرهەمی خەتەری شۆڕشی سۆشیالیستی بوو لەسەر بۆرژوازی.

**دەرسەکانی کرێکارانی ئەمریکا لە گرانی گەورەدا بۆ ئێمە:**

سەرنج بدەن، ئەگەر لە وڵاتێکی گرنگی وەک ئەمریکادا، ئەگەر لەوهەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیەی گرانی گەورەدا، کە سەرمایەداری لە ئەزمەی قوڵدا بوو. کە ناڕازایەتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش شەپۆلی ئەدا، کە کرێکاران بەهرەمەند بوون لە حیزبی سیاسی و سەندیکای کرێکاری خۆیان، کە بەڕێزی ملیۆنی خۆیان ڕێکخراو کردبوو لە حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە کرێکارییەکاندا و هاوپشتی یەکتر بوون و هاوپەیمانێتیان پێک هێنابوو.

ئەگەر ڕابەرانی هاوپەیمانێتیەکەیان (کواڵەیشنەکەیان) ڕیفۆرم و شۆڕشیان تێکهەڵپێچایە و لە جیاتی ڕازی بوون بەو ڕیفۆرمانەی سەپاندیان بەسەر چینی سەرمایەدار و بۆرژوازیدا، شۆڕشیان ئەنجام بدایە. ئایا ئێستا چارەنووسی نەک هەر کۆمەڵگەی ئەمریکا، بەڵکو هەموو کۆمەڵگەی بەشەری، شتێکی جیا تر لەمەی ئێستا نەئەبوو؟

بۆ کرێکارانی سۆشیالیست، بۆ کۆمۆنیستەکان، ڕیفۆرم و شۆڕش تەواوکەری یەکترن. ڕیفۆرم و سەپاندنی لانی زۆری داخوازییەکان بەسەر بۆرژوازیدا، نابێت شۆڕش و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە بیری چینی کرێکار بباتەوە. بەدەستهێنانی داخوازییەکانمان و سەپاندنی ڕیفۆرم ئەبێت گوڕو و تینی زیاترمان باتێ و لە ئەنجامدانی شۆڕش و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی نزیکترمان بکاتەوە، نەک ساردمان بکاتە و پشتی لێ بدەینەوە. ڕیفۆرم و داخوازییە سەرەتایی و بەرحەقەکان ئەگەر ئەمڕۆش بتواندرێ بسەپێندرێ، ئەوا لە سبەی ڕۆژدا بۆرژوازی کەمی ئەکاتەوە و نایهێڵی و هێرشی دڵڕەقانەتر ئەکاتە سەر ماف داخوازییە ڕەواکانمان. ئەمە ئەو دەرسە گرنگەیە کە ئێمە ئەتوانین لە تەجرەبەی کرێکارانی ئەمریکا لە گرانی گەورەدا لێوەی فێربین.

28/07/2021



# نەبەز خالید: ئەزموونی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە قەوارەی سیاسی هەرێم ئەگەر بمانەوێ دوانەی خەڵك و دەسەڵات لەبەرچاوبگرین ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز نەبەز خالید چالاکی سیاسی لە کوردستان سەبارەت بە قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئایندە سیاسییەکەی.

**بۆپێشەوە: کۆتاییهێنان بە قەوارەی سیاسی هەرێم، بەبێ ئەوەی وەڵام بە پرسی سیاسی و مێژوویی خەڵکی کوردستان بدرێتەوە، ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی چ هەلومەرجێک دەکاتەوە؟**

**نەبەز خالید:** قەوارەی سیاسی هەرێم، قەوارەی هەرێمی کوردستان، ناوێکە تازە و تاکە مانای، حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە باشوور. چەند ناوێکی تریشی لە کەنارەوە خراوەتە پاڵ لە کۆنتێکستی جیاوازدا وەک: ئەزموونی هەرێم، حوکمڕانی هەرێم... تادوایی. ئەوەی گرنگە ئەم ناوانە بیرکردنەوەیەکی گشتی دروستکردوە، یان باشتر بڵێین فەزایەکی دروستکردووە کە بیرکردنەوەکانی خستۆتە ناو خۆیەوە و لەودا بیردەکرێتەوە. هەرچەندە گومانیش نییە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە قەوارەی سیاسی هەرێم ئەگەر بمانەوێ دوانەی خەڵک و دەسەڵات لەبەرچاوبگرین.

**پرسی سیاسی و مێژوویی خەڵکی کوردستان بە هاتن یان کەوتنی دەسەڵاتێکی دیاریکراو، چارەسەر نابێ. پرسی سیاسی و میژوویی لە پرۆسێسی گشتگیری ئایدیای ڕزگاریدا وەڵامدەدرێتەوە کە خودی چەمکی دەسەڵات تیایدا ڕەتکراوەیە...**

بەڵام سەبارەت بە پرسیارەکەتان، کە باقی پرسیارەکانیشی تیا جێدەبێتەوە (کۆتاییهێنان بە قەوارەی سیاسی هەرێم، بەبێ ئەوەی وەڵام بە پرسی سیاسی و مێژوویی خەڵکی کوردستان بدرێتەوە، ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی چ هەلومەرجێک دەکاتەوە؟

کۆتاییهێنان بە هەر دەسەڵاتێک، لەمێژوودا و بە ئەم سەردەمەشمانەوە، تەنها بڕیارێکی سیاسیە و کەمینەیەکی سیاسی و بەشێکی کۆمەڵگە ئەنجامی دەدەن، ئەگەر ئەو کاتەش چەند پرسێک هەبن کە وەڵامی وەرنەگرتۆتەوە و چی بکرێت باشە؟ دەبێت پشت ببەستین بەو گریمانەیەی کە خودی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتێک بۆ چارەسەرکردنی پرسە چارەسەرنەکراوەکانە. بەڵام پرسی سیاسی و مێژوویی خەڵکی کوردستان بە هاتن یان کەوتنی دەسەڵاتێکی دیاریکراو، چارەسەر نابێ. پرسی سیاسی و میژوویی لە پرۆسێسی گشتگیری ئایدیای ڕزگاریدا وەڵامدەدرێتەوە کە خودی چەمکی دەسەڵات تیایدا ڕەتکراوەیە.

بێگوومان بڕیاری گەورەی سیاسی وەک دەستبردن بۆ دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تازە لە باشوور، هەلومەرجی زۆر قورس ئەسەپێنێ بەسەر خەڵکیدا و هێزەکانی ناوچەکە و ناوخۆش بەرامبەری دەوەستن، ئەگەریش دەسەڵاتی تازە ڕادیکالیزمێک لەخۆی پیشان بدات کاری سەختتر دەبێت. بەڵام ئایا لەزهنی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی گشتیدا، بەتایبەتی لە باشوور، وانییە کە گۆڕینی دەسەڵات ئاکتێکی شۆڕشگێڕانەیە و بە ڕوودانی ژیان بەرەو باشتر دەگۆڕێت! هەر بۆیە باش دەبێت ئەگەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان لێرەدا بێنینەوە یاد. ئەم ئەزموونە ئەزموونی شکستە، میژووشمان بەهەمان شێوە، نزیک بە دووسەد ساڵە کە شۆڕشێک بە مانای ئەوەی بەهای کۆنی لابردبێ و بەهای ژیانی تازەی هێنابێ، نەک لێرە لە هیچ شوێنێک ڕووی نەداوە. پرسیاریش درووست دەبێ سەرەڕای شکستەکان و ئەزموونە تاڵەکان، ئەی بۆچی زهنیەتی خەڵکی دەربارەی گۆڕینی دەسەڵات هەمیشە شۆڕشگێڕانەیە؟ بۆچی لە بەرامبەر هەموو دەسەڵاتەکانا دەڵێ، لەگەڵ شەیتان بەڵام ئەمانە نا. وەڵامی سادە ئەوەیە کە بەشەر ئەیەوێ بژی و هاوژیانی بکات، نایەوێت خۆی بکات بە سەروەر یان کەسێکی تر سەروەری بێت، ئەمە ئەو ویستە قوڵەیە کە لە بەشەردا هەیە. بەڵام دەزانین هەژموونی سیستەمی باو بەشەری ئێستای بە شوێنێک گەیاندووە و بەکاربەری گەورەترین سیفەتیەتی و تاکگەرایی چۆتە ژێرپێست. هەربۆیە گۆڕانکاریەکانیش لەسەردەستی ئەو خەڵکانە کراوە و ئەوەی بیری لێنەکراوەتەوە، خێری گشتییە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ واقعی خۆمان و ئەوەی ئەگوزەرێ، وە وەڵامێک بە پرسیارەکان. دەسەڵاتی هەرێم مانەوەیان لەبەر ئەوە نییە کە خاوەنداریێتی لە پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان دەکەن، هەتا تەنانەت خۆشیان پیا هەڵنەواسیوە، دەسەڵات لەسەدا سەد لە خەڵکی دابڕاوە و هیچ کارێکی پێیان نییە، ئەمەش پەراوێزخراوەکانی بەدی هێناوە لە کچان و کوڕانی گەنج، ژنان، بێکاران،،،، و ڕۆژ بەڕۆژ لە گەورەبووندایە و داواکانیشیان تا ئاستی " شەیتان بەڵام تۆ نا" دەچێت، هەر بۆیە هێزی دوانەی ئابووری و چەک تاکە زامنی مانەوەیانە.

پرسی سیاسی و نەتەوەیی لە جێی خۆیەتی و ڕۆژ بەڕۆژ باری گرانتر دەبێ و ڕێگاکانی چارەسەریشی بەهەمان شێوە. دەسەڵات دەزانێ ئەو پرسانە چارەسەر ببن، کە دوو پرسی بنەڕەتین لە ژیانی خەڵکی باشوور، خۆیان جێگەیەکیان نامێنێ. هەرچەندە دەشبێ پرسیار بکەین کە پرسی سیاسی و نەتەوەیی مانای چی و لە چ گۆشەیەکەوە دەیان بینین؟.

بێگومان دەوڵەتانی تورکیا و ئێران دەیانەوێ ناوەند حاکم بێت و هیچ قەوارەیەک بەناوی کوردەوە نەبێت، زۆر ڕۆشن و حاشاهەڵنەگریشن ئەو هۆکارانەی کە وا لە تورکیا و ئێران بکات کە دژی هەر جۆرە سەربەخۆییەک بن بۆ خەڵکی کورد. ئەم ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین شوێنی ساغ بوونەوەی سیاسەتی جیهانی و کێشمەکێشە گەورەکانە، هەر بۆیە دەبێ بڵێین لەم یاریەشدا ئەمریکا دەورە گەورەکە دەبینێ و هەڵوێستەکانی سەرسوڕهێنەرن و هیچ جێی متمانە نین تەنانەت بۆ سیاسیەکی لیبراڵی پراگماتیکیش. پێم وابێ یەکێک لە قووڵترین خەمەکانی خەڵک ئەوەیە جارێکی تر بچنەوە سەر ناوەند، چ ناوەندێکیش، ئەوەی ئێستا هەیە ڕووی ڕژێمی بەعسیان سپی کردۆتەوە. ئەم خەمەیە کە دەسەڵات ئیشی لەسەر دەکات و بەزیندوو دەیهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە ترسی ئەوە هەبێت، ئەگەر من نەبم ئەوان دێن.

ئەوەی دەمێنێتەوە گەل خۆیەتی چۆن خۆی نیشان دەدات، بکەرەکانی گۆڕانکاری چۆن خۆیان ڕێکدەخەن، ئایدیای ڕزگاری چۆن دەبێتە هۆی دەرچوون لە هەژموونی سیستم، تاکی نوێی بەرەنگار لە هەموو ئاستەکانا ڕێکخستن دەکەن و بەدسپلینەوە کار دەکەن و دەژین، خۆیان بەخاوەن دەزانن و خۆبەختکارن. بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە پێویستیمان بە پیاچوونەوە و دوبارەنەکردنەوە و دژەباوییە. بە چەمکەکاندا بچینەوە و مانای بنچینەیی خۆیان پێبدەین یان بیانگۆڕین. ئاشکرایە کە یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکان ئەو مانا و دراوە دۆگمیانەن کە بە چەمک دراوە و هەنێکیشیان بەسەرمانا سەپاندووە. هەموو

**ئەم ئەزموونە ئەزموونی شکستە، میژووشمان بەهەمان شێوە، نزیك بە دووسەد ساڵە کە شۆڕشێك بە مانای ئەوەی بەهای کۆنی لابردبێ و بەهای ژیانی تازەی هێنابێ، نەك لێرە لە هیچ شوێنێك ڕووی نەداوە**

وشە و چەمکە شۆڕشگێڕی و ئینسانیەکان پەراوێزخراون و دەمانەوێ بە چەمکەکانی ئەوان وەڵام بدەینەوە، ئەمە ستەمە لە خۆمانی دەکەین. بە پێچەوانەی پۆست مۆدێرنەکانەوە، ئەمڕۆ زەمانی چیرۆکە گەورەکانە، هاوژیانی، متمانە و پشتی یەک بەرنەدان و کەرامەت، لە خۆ دەرچوون و کار بۆ خێری گشتی، میلیتانت بوون و ڕادیکالیزم، قبووڵ نەکردنی ستەم...تادوایی دەبێ پێشوەخت بگەڕێنەوە بیرکردنەوەمان، ئەوکات چەمکەکانی وەک ئازادی و یەکسانی و شۆڕش... تێگەیشتنیان و شەرحیان ئاسانترە.

# کاکەلاو تەحسین : بە دڵنیایی گۆڕانی بەرژەوەندی دونیا لە عێراق ئەو قەوارە ڕووبەڕوی مەترسی دەکاتەوە، چونکە حاکمەکانی پاڵیان بەو دیوارە داوە کە لە ١٩٩٢ لە لایەن هاوپەیمانان بۆیان دروست کراوە، نەك بە تواناو هەوڵی خۆیان و دەستوری عێراق.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز کاکەلاو تەحسین شارەزا لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە قەوارەی هەرێم و ئایندە سیاسییەکەی...



**بۆپێشەوە: زۆر کەس قەوارەی هەرێمی کوردستان وەکو جوگرافیایەکی سیاسی، تێکەڵ بە ئەزموونی دەسەڵاتی هەرێم دەکەن، تا چەند ئەوە دروستە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** قەوارەی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی واقیعی نەتەوەییە دواتر لەچوارچێوەی دەستوری ،عێراق دا

دانراوە، بەڵام کاتێک دەسەڵاتدارانی هەرێم وا ئەڵێن لەبەر ئەوەیان نییە مەترسی بۆ سەرخەڵک دروست دەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە مەترسی بۆسەر خۆیان دروست دەبێت چونکە ئەوان ئەوەندەی تێکدەری ئەو قەوارەن ئەوەندە پارێزگاری نین، ئەوان ئینتیمای نەتەوەییان لاواز کرد، ژێرخانیان دروست نەکرد، قەوارەکەیان لۆ ئاستی

دانراوە؛ واتە ئەو چەقە نەک حاکمەکانی، بۆیە دەبێت حاکمەکان سوپاسگوزاری خەڵک و لە خزمەت خەڵک بن، نەک بە پێچەوانەوە. ئەوەی هەیە بەرهەمی نەبوونی فکرو تێگەیشتنە بۆیە بە هەفتەیەک دەتوانی کەسێکی فاشل وەک باشترین حاکم لە هۆشی خەڵک دروست بکەیت، بۆیە ئەرکی خەڵکە خۆیان لا ببێتەوە بە چەق و وە

**کاکەلاو تەحسین:** دەبێت بەردەوام ئەوەمان بیربێت بەرژەوەندی نێودەوڵەتی پێش بەرژەوەندی گەلان بووە. دروست بوونی ئەم قەوارە بەرهەمی یەکانگیر بوونی دوو خاڵ بوو لە یەک کاتدا: یەکەم هەڕەشە لەسەر خەڵک هەبوو وەپێویست بوو بپارێزرێن. دووەم لاوازکردنی عێراق لەو کاتەو دانانی هێڵی ٣٦ و پاڵپشتی کورد دژ نەئەهاتەوە لەگەل بەرژەوەندی نێودەوڵەتی، واتە هۆکاری دووەم بووە هۆکاری دروست بوونی قەوارەکە بەر لە هۆکاری یەکەم، بەڵگەش لەساڵی ١٩٨٨ صدام لە هەڵەبجە ئەدات بە کیمیاوی و مەترسیەکە هەیە، بەڵام بەرژەوەندیەکە نییە هیچ بۆ کورد ناکات. جگە لەوەش لە ناوخۆی عێراقیش دەستور خۆی گونجاندووە لەگەڵ واقیعی قەوارەکە؛ واتە قەناعەتی سیاسی و نەتەوەی سەرکردەکانی عێراق لاوازە بەو قەوارەو ناچاریە، تۆ سەیر بکە هەرێم بستێ خاکی بۆ نەگەڕاوەتەوە بە مخموریشەوە لە کاتێکدا لە دەستور باس کراوە، بەڵام بە واقیعی لە پێش پرۆسە لای کورد نەبووە، بۆیە بە دڵنیایی گۆڕانی بەرژەوەندی دونیا لە عێراق ئەو قەوارە ڕووبەڕوی مەترسی دەکاتەوە، چونکە حاکمەکانی پاڵیان بەو دیوارە داوە کە لە ١٩٩٢ لە لایەن

**قەوارەی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی واقیعی نەتەوەییە دواتر لەچوارچێوەی دەستوری ،عێراق دا جێگیر کراوە؛ واتە دەستوری عێراق خۆی گونجاندوە لەگەل ئەو قەوارەیە نەك ئەو قەوارەیە لە ئەنجامی دەستورەوە بەرهەم هاتبێت. دواتر دەسەڵات لە ناو ئەو هەرێمە بۆ بەردەوامی قەوارەکە دانراوە ...**

جێگیر کراوە؛ واتە دەستوری عێراق خۆی گونجاندوە لەگەل ئەو قەوارەیە نەک ئەو قەوارەیە لە ئەنجامی دەستورەوە بەرهەم هاتبێت. دواتر دەسەڵات لە ناو ئەو هەرێمە بۆ بەردەوامی قەوارەکە دانراوە. واتە قەوارەکە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی بەرهەم هێناوە نەک بە پێچەوانەوە.

**بۆپێشەوە: بەرپرسانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، مەترسی بۆسەر ئەزموونی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، وەکو مەترسی بۆسەر خەڵکی کوردستان و قەوارەی هەرێم تەماشا دەکەن و دەڵێن، هەمووومان لە ناو کەشتیەکداین، لە حاڵی غەرق بوونیدا هەمووان تیای نغرۆ دەبن، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**کاکەلاو تەحسین:** وەک باسم کرد ئەم قەوارەیە لە بنەمادا بۆ پارێزگاری خەڵک

ئابوری و سەربازی بەهێز نەکرد بەر لە مەترسی دوژمن، ئەوانە مەترسین بۆ سەرقەوارەکە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر مەترسی بۆسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، چییە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** خەڵک دەبێت بزانێت ئەو قەوارە لە پێناو ئەو و بۆ خزمەتی ئەو

فکریان پەرەپێ بدەن تا بە ئاسانی یاریان پێ نەکرێت.

**بۆپێشەوە: قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەرهەمی شۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەری نەبووە، بەڵکو بەرهەمی جەنگ و لاوازکردن و ڕوخاندنی بەعس بووە، ئەمە چەند کاریگەری لەسەر شلۆق بوونی بەردەوامی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**دروست بوونی ئەم قەوارەیە بەرهەمی یەکانگیر بوونی دوو خاڵ بوو لە یەك کاتدا: یەکەم هەڕەشە لەسەر خەڵك هەبوو وەپێویست بوو بپارێزرێن. دووەم لاوازکردنی عێراق لەو کاتەو دانانی هێڵی ٣٦ و پاڵپشتی کورد دژ نەئەهاتەوە لەگەل بەرژەوەندی نێودەوڵەتی، واتە هۆکاری دووەم بووە هۆکاری دروست بوونی قەوارەکە بەر لە هۆکاری یەکەم ...**

هاوپەیمانان بۆیان دروست کراوە، نەک بە تواناو هەوڵی خۆیان و دەستوری عێراق.

**وەکو پرەنسیپێکی گشتی، کۆمۆنیستی کرێکاریی خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی ولاتیی گەورەتردا کە ڕێکخستنی ڕیزی بەهێز و توانای کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی نەتەوەیی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکان پێکەوەژیانی ئەوانی لەچوارچێوەی وڵاتەکانی ئێستادا دژوار و پڕ دەردەسەر کردووە، کۆمۆنیستی کرێکاریی مافی جیابوونەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ.**

## درێژەی دوا وتە

لەناو بنەماڵەی تاڵەبانیدا، بۆ جێگرتنەوەی پێگەی تاڵەبانی بوو. هەردوو بلۆک، کوڕانی تاڵەبانی و ئامۆزاکانیان... کە پەرچەمی مامیان بەدەستەوە گرتبوو هەر یەکەیان لەهەوڵی ئەوەدا بوو بە خۆ هەڵواسین بە پێگەی تاڵەبانی وەکو سکرتێر و کەسی یەکەمی یەکێتی، وە لەرێگای بەدەستەوەگرتنی هێز و چەک و دەسەڵات، لەبەردەستدابوونی دەزگای ئەمنی، قۆرغکردنی داهات و سامان... دەستیان بە جێگای خاڵی تاڵەبانی بگات.

هەر دوو لایەنی ناکۆک لە هەرەمی دەسەڵاتدا، چ بلۆکی بنەماڵەی تاڵەبانی و چ ئامۆزاکانیان، بۆ شاردنەوەی ئەم ململانێ ئاشکرایەی لە نیوانیاندا لەپێناو دەستراگەیشتن بە کورسیەکی تاڵەبانی هەیان بوو، لە کۆنگرەیەکی نمایشیدا ئەلگۆی هاوسەرۆکیان هێنا و بە بزەی سەرکەوتن و تەباییەوە، وینەی سەرکەوتنی کۆنگرەو بانگەشەی نوێ بوونەوەی یەکێتیان ڕاگەیاند.

هێنانی ئەلگۆی هاوسەرۆکی لەناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردا، داهێنان و هەنگاوێکی پێشڕەوانە نەبوو بە ئاقاری وەڵامدانەوە بە کێشەی رابەریدا، بەڵکو بۆ پیرۆزراگرتنی سەرۆک لەنێو بزوتنەوەی کوردایەتیدا دەستی بۆ برا، ئەلگۆیەک بوو یەکێتی بەچەکوشکارییەکی نوێ لە قاڵبێکی نەخوازراودا ویستی دایبەسەپینێت تا ناکۆکیەکانی ناوخۆیی پێ دابپۆشیت...

پرسی هاوسەرۆک لەنیو ناسیونالیزمی کوردی تورکیادا، بەدیاریکراوی لە ناو پەکەکەدا و خەتی ئاپۆدا دەرکەوت، ئامانج لەو ئارایشە بۆ رابەری لەناو رەوتی پەکەکەدا ئەوەبوو، کە ئاپۆ بۆ ئەبەد سەرۆکە و لەجێگای ئەوە فۆرمی هاوسەرۆکیان بە دانانی پیاو و ژنێک وەک ڕاگرتنی هاوسەنگی جیندەری، بەدەستەوە گرت و لەو ڕیگایەوە ویستیان هەم ئاپۆ وەکو سەرۆکی قابیلی دەست لینەدراو بمێنێتەوە. بەهێنانی ژنێکیش بۆناو چوارچێوەی سەرۆکایەتی فۆرمێکی پێشکەوتنخوازی، لە قاڵبی پاراستنی ئاپۆی دەست بەسەرکراودا، ببەخشنە ئەو رەوتەی عەبدوڵا ئۆجەلان دای رشتبوو. دواتریش هەموو ئەو حزب و ریکخراوانەی ئیلهامیان لە سەرۆک ئاپۆ وەدەگرت، فۆرمی هاوسەرۆکیان کردە نەریتێکی سیاسی. بەکورتی خودی فۆرمی هاوسەرۆکی و بەخشینی جێگا بە ژنێک بەوێنەی هاوسەرۆک، هەرگیز بەمانای بەفەرمی ناسینی مافی ژن و پێشکەوتنخوازی پەکەکە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو دەست نەبرێت بۆ پێگەی ئاپۆ و عەبدوڵا ئۆجەلان بە سەرۆکی بمێنێتەوە.. هەر ئەو راستیەشە هێشتا هەموو لێدوانێکی ئاپۆ لەسەروی توانای بریاردانی هەموو هاوسەرۆکەکانی خەتی ئۆجەلانە، و هەموویان پەیرەوی دەکەن، واتە تائێستا ئۆجەلان لەگەڵ ئەوەدا دەستبەسەرەو ئیرادەی سیاسی ئازادانەی لێ سەلب کراوە، کەچی هاوسەرۆکەکان هەموویان گوێ لەمشتی ئەون بەبوونی هاوسەرۆکەکانیشەوە سەرۆک هەر ئاپۆیە...

بەکورتی هێنانی پرسی هاوسەرۆکی لەلایەن پەکەکەو پاشان رەوتەکانی وابەستەیان بەهیچ جۆرێک نەپەیوەندی بەپێشکەوتنخوازی و نەپەیوەندی بەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە هەرەمدا و نە پەیوەندی بە بەخشینی پیگەی سیاسی و رابەری بەژنانە، بەڵکو راستەوخۆ بۆ ئەوە بوو کەس لە پیگەی سەرۆک ئۆجەلان کەم نەکاتەوە و ئەو وەکو سەرۆکێکی "بێهاوتا!!" بمێنێتەوە.

یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، ئەم ئەلگۆ کۆیلە ئاسایەی هاوسەرۆکی خەتی ئاپۆی دەستکاری کردو کردی بەوەی دوو پیاوی چاو تیژ و تەماحکار بۆ جیگای تاڵەبانی، ناو بنێت هاوسەرۆک و لە قاڵبیکی تەسکدا بەزۆر جێگایان بکاتەوە. ئەم قاڵبە تەسکە نەیدەتوانی هەردوو هاسەرۆک بۆ ماوەیەکی دریژ لەخۆ بگرێت، یەکێکیان دەبوو ببێتە قوربانی و یان یەکێکیان یەکیکیان وەدەر بنێت.

کۆنگرە بۆ یەکێتی دوای تاڵەبانی یەکێک لەهەرە ئەرکە سەرەکیەکانی وەڵامدانەوە بە پرسی جێگرتنەوەی تاڵەبانی بوو، بەڵام کۆنگرە لەیەکەم ئەرکیدا و لە وەڵامدانەوە بە سەرەکیترین گرفتدا، توشی شکست هات و بەرهەمی ئەو شکستەش لە نەبوونی ئەلتەرناتیفی تاڵەبانیدا، هێنانی ئەلگۆی هاوسەرۆکی بوو.

ئەم شکستە لە ئاستی رابەریدا، شکستی لە ئاستی سیاسی و خستنەروو پرۆژەی سیاسیدا، بەدوای خۆیدا هێنا، کۆنگرە نەک نەیتوانی پرسی رابەری چارەسەر بکات، بەڵکو نەیتوانی نەخشەی سیاسی و هەنگاوەکانی پیشرەوی خۆی دیاری بکات و ببیتە یارچیەکی کارای ناو کۆمەڵگە و رۆڵی خۆی لەناو ململانێ سیاسیەکانیدا بگێرێت. رەوتی روو لەخوار و پاشەکشەی یەکێتی لە کوردستاندا، بەر لەهەموو شت پیویستی بە رابەریەکی سیاسی و هاوئاهەنگیەکی نسبی و کەسایەتیەک هەبوو کە ببێتە چەتری کۆکەرەوەی ناکۆکییە ناوخۆیەکان تا ئەو رادەیەی توانای ئیدارەدانی ناکۆکیەکانی نێوان باڵ و لاباڵەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ هەبێت. دواتریش پیویستی بەوە بوو، خەتی سیاسی، پرۆژەی خۆی، و ئەو هەنگاوانەی کە دەبوو ئەو پرۆژەو خەتە سیاسیە نوینەرایەتی بکات وەڵام بداتەوە. یەکیتی و کۆنگرەی یەکێتی لەو بارەیەشەوە جگە لە هێنانی پرۆژەی گوشار هێنەر بۆ پارتی لە چەشنی لامەرکەزیەتی شارەکان، هیچ پرۆژەیەکی تری سیاسی نە لەئاستی کوردستان و نەلەئاستی عێراقدا بەدەستەوە نەگرت. بەهەر شێوازێک پشکنین بۆ یەکیتی و سیاسەتەکانی بکەین، جیاوازییەکی سەرەکی لەگەڵ پارتی تیا نادۆزرێتەوە. کەواتە پاشکۆیەتی بۆ پارتی بە ناچاری دەبێتە بژاردەیەکی زاڵ و هاوکاتیش یەکێتی دەکاتە پاشکۆی روداوەکان. یەکێتی لە کاتێکدا خۆی دەسەڵاتی زۆنێکی دیاریکراوی هەرێمە، بەڵام رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بوون لەبەرامبەر هەولێردا دەگێڕێ. هەروەها لە جێگای ئەوەی خۆی بەخاوەنی تەواوی هەرێم بزانێت و سیاسەت و نەخشەی خاوەنداریتی تەواوی کوردستان بەدەستەوە بگرێت، هیواش هێواش پێگەی دەسەڵاتداریتی خۆی لە زۆنی سەوزیشدا بۆ ناپارێزرێت. باڵی توندرەویش!! کە دەوترێت لاهور پێداگری لەسەر دەکرد، لە بنەرەتدا بۆ ئەوە بوو پارتی وەکو ئەمری واقع بەفەرمی بناسێت و مامەڵەی کەسی یەکەمی لە یەکێتیدا لەگەڵ بکرێت، نەک ئەوەی هەڵگری ئەجندایەکی سیاسی رۆشن بێت و کێبەرکێی دەسەڵات لە هەرێمدا بکات و لەڕێگای خستنەرووی ئەلتەرناتیفی جیاواز بەپارتی هاوسەنگی هیز بەسودی یەکێتی بگۆرێت.

ئەو دۆخەی کەبەسەر یەکێتی هات، ریشەی لەو دوو گرفتە سەرەکیەدا بوو، بەڵام خودی تەقینەوەکە و جۆری مامەڵەکە گرفتێکی ترە. کە یەکێتی دەخاتە بەردەم ئەزمەیەکی ترەوە. ئەو مامەڵەیە لەگەڵ ناکۆکییە ناوخۆیەکان لەگەڵ ئەوەدا ریشەی هەیەو ئەحزبی بۆرژوازی کورد، لەناکۆکیە ناوخۆیەکانیادا هەمیشە دەستیان بۆ بردووە، بەڵام بەم ئاستە لە خیرایی و بەم شێوە ئاشکراو بێباکە و کەڵک وەرگرتن لە زۆری هیز و داهات و " کودەتا" کردن، لەلایەک و دەستبردن بۆ تەسفیەی نەیاران لە ژێر ناوی" چاکسازی"دا، لەلایەکی تر... داهینانێکی نوێ لە شێوازی بەرخورد بە کێشەناوخۆییەکانی ئەحزابە لە خانەی بۆرژوازی کورددا.

لە ئێستادا یەکێتی نیشتیمانی بەجیا لەوەی دەرگیرە لە گرفتی جێگرتنەوەی تاڵەبانی و ئەلتەرناتیفێکی لەجۆی تاڵەبانی، هاوکاتیش خاوەنی هیچ ئەجنداو پرۆژەیەکی سیاسی بۆ هەرێم و ئەلگۆیەکی جیاوازی دەسەڵات لەگەڵ پارتی نییە، گرفتی قەرەبووکردنەوەی ئەم بەرخوردە مافیایەشی لە یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیە ناوخۆیەکاندا بۆ زیاد بوو.

واتە یەکێتی بەجیا لەوەی گرفتی و رابەری و هیڵی سیاسی و نەبوونی ئاسۆی سیاسی دەستی ناوەتە بینەقاقای، هاوکات مامەڵەی بۆ یەکلاییکردنەوەی کیشە سیاسییە ناوخۆیەکانیشی بۆ زیاد بووە، کە ئەمە بەجیا لەوەی ئاییندەی ململانێکانی یەکێتی دەخاتە پەیرەوکردنی ئەلگۆی توند ئامیز و کودەتا و تەسفیەی سیاسی و کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر تەلاری ریکخراوەیی یەکێتیدا زاڵ دەکات، هاوکای هەموو باڵ و لاباڵەکانی ناکۆک بەیەک ناچار بە ئامادەباشی بە ئەلگۆی نوێوە دەکات، کە گۆشەیەکی لە نێوان ئامۆزاکاندا نیشاندا... جیا لەوانە دەستبردنی یەکیتی و بنەماڵەی تاڵەبانی بۆ تەسفیەی خەت و لایەنگرانی ئامۆزاکانی و ناو نانی ئەمە بەچاکسازی، پرسی فریوکاری چاکسازی چەند بەرابەر ریسوا کرد.

ئایندەی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، بەهەموو پێوادانگێک و بەو سەرلێشواویەی لەسەردەمی هاوسەرۆکیدا خرایە ڕوو، وە بەو شێوازە لە لیکترازانی هاوسەرۆکیدا و شکست خواردنی ئەم فۆرمەو لێکەوتەکانی، بەرەوە دۆخێکی کوشندە دەروات و لەو نێوەشدا، چ پارتی وەکو نەیاری سیاسی یەکیتی لە هەرێم و چ ولاتانی ناوچەکە، بێ رۆڵ نابن و هەر لایەکیان ئەگەر راستەخۆش دەستیوەردان لە ململانیکانی ناو یەکێتیدا نەکەن، بەشێوەی ناراستەوخۆ، دەوری خۆیان دەگێرن تا لەم جەنگی دەسەڵاتخوازیە ناوخۆییەی یەکێتیدا، بەسودی خۆیان کەڵک وەربگرن.

کیشەی ناوخۆیی یەکیتی بەو هۆیەوە کە یەکێتی هیزیکی خاوەن دەسەڵات و خاوەن هیزی چەکدار و قەڵەمرەوی زۆنێکی هەرێمە، و وابەستەی قوتبێکی ناوچەییە، کاریگەرییەکانیشی هەمەلایەنە دەبن. ئەو لێکترازانەی یەکێتی لە ئیستادا، سەرەتای دەورەیەکی نوێی ململانێیە، کە درێژ مەودا دەبێت و بەجیا لە ململانێ نیوان ئامۆزاکان، سەرهەڵدان و سەربلندکردنەوەی باڵەکانی تری ناوخۆی یەکێتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دوورنییە هاوپەیمانیەتی نیوان لایەنە دەگیرەکان لەناو چوارچیوەی رێکخراوەییشدا دروست ببێت.

دیارە لەم کێشمەکیشەدا، دڵساردی، وازهینان، سەنگەر گواستنەوە، دەستبردن بۆ نان برین و دەرکردن، تۆمەت بەخشینەوە، تا رادەی تەسفیەی جەسەدی پیشبینی کراون، و دەرکردن و سزای سیاسی و دۆسیە سازکردن دەستیان پێکردووە. لەهەموو هەزەلی تر ناوی نراوە چاکسازی!!!.

بێ دەنگی سەدان نووسەر و هەزاران کادری یەکێتی، بەجیا لەوەی بەشیکی پەیوەندی بەیەکلایی نەبوونەوەی تەواوەتی ململانێکەوە هەیە، لەچاوەڕوانیدا بزانن کام لا داشیان سوار دەبێت و باڵادەست دەبن، تاخۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن و بە نرخی رۆژ نانی سیاسیان زامن بکەن، بەشێکیشی پەیوەندی بە زاڵ بوونی ئەو فەزا ترس و تۆقاندنەوە هەیە کە هەردوو لای ململانێکە هەرچی خراپە لێیان چاوەڕوان دەکرێت...

بەکورتی یەکێتی، لەبەردەم قەیرانێکی قوڵی رابەری، سیاسی، ریکخراوەیی و جەماوەریدایە و هیچ ئاسۆیەکیش بۆ دەرچوونی لەم تەنگژەیە نابینرێت... جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و هەر لایەن و ریکخراو حزب و کەسایەتیەکیش کە بڕوایان بە ئازادی سیاسی و بیروباوەری جیاواز و بەدەستەوەگرتنی ئەلگۆی مەدەنی هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی کیشەی ناوخۆیی حزب و ململانێی سیاسی، پێویستە بەرۆڵی خۆی هەڵبستن و ریگە نەدەن ئەم ململانییە و لیکەوتەکانی قوربانی لێ بکەوێتەوە و خەڵک نان براو یان راو بنرین و تۆمەتیان بۆ دروست بکرێت و کەسایەتیان ورد بکرێت... ململانێی ناوخۆی یەکێتی ململانێی دوو هێڵی سیاسی جیاواز، پرۆژەی سیاسی جیاواز، ئەلتەرناتیفی جیاواز... نییە، ململانێی دەسەڵات و بەدیاریکراوی جەنگە لەسەر جیگرتنەوەی کورسییەکەی تاڵەبانی....

**کۆتایی تەموزی ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net


هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عامر سابیر، ئاراس رەشید، سالار حەمەسەعید، عبدالرحمن رەسوڵ، عەبدوڵا مەحمود، هیوا سالّح، کاوان قادر،جەمال نوری،ئارام حەسەن، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، هەتاو عەبدوڵاهی،حەکیم میرزا...

لەگەڵ دۆسیەکی تایەت سەبارەت بە"قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئاییندەکەی"

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward





# لە یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم... هاوڕێیان ئەرسەلان مەولود" ئاراس" و نەزیز عومەر" ئارام" دا

* ئەرسەلان مەولود ناسراو بە( ئاراس) لە دایکبووی شاری (کۆیە)یە. ساڵی ١٩٦٦ لەو شارە چاوی بەدنیای چەوسانەوە هەڵێناوە. هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردووە. پاشان لەساڵی ١٩٨٩ بەشی پێوەریار(مساحە)ی پەیمانگای بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی نەچوونی بۆ مەشقی جەیشی شەعبی لە پەیمانگا دەردەکرێت(فەسڵ). پاش دوو ساڵ بە لێبووردنی گشتی بۆ خوێندکارانی دەرکراو، دەگەڕێتەوە پەیمانگا و خوێندن تەواو دەکات. لە قەیرانی شەڕی یەکەمی کەنداو سەرباز دەبێت، بەڵام پێش دەستپێکردنی شەڕ وەک هەزاران سەربازی دیکە ڕیزەکانی سوپا بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات و لە هەولێر بە خۆحەشاردانەوە خۆی دەپارێزێت. لە کاتی دەسپێکردنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١بەهۆی تەجروبەی سەربازی بەشداری چالاکانەی دەبێت لە شەڕی ڕزگارکردنی هەولێر لە گەڕەکی خۆیان لە خانووەکانی کارگەی نەسیج. هەر لەو کاتەدا بە شورای کرێکاران و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئاشنایی پەیدا دەکات و دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوە بەرچاوەکانی ئەو بزووتنەوەیە. بەتایبەتی بەشی چاپەمەنی و سەربازی کە پسپۆری و شارەزایی هەبوو تێیدا.

پاشان لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی بەعس بۆ گرتنەوەی شاری هەولێر سەرپەرشتی هێزێکی چەکداری شوراکان دەکات لە گەڕەکی حی عەسکەری و کوران. پاش دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس دەگەڕێتەوە ناو شار و لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست درێژە بە چالاکی سیاسی دەدات و بەشداری زووربەی نارەزایەتیەکانی جەماوەری هەولێر دەکات.

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٧ی تەمووز ١٩٩١ بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری پلان بۆداڕێژراوی لە پێشینە، شەپۆلی جەماوەر بەرەو بەردەرکی سەرا و بینای پارێزگای هەولێر شەپۆلی دەدا، بەشیعاری (هێزی داگیرکەر لە کوردستان بچێتە دەر)، لەگەڵ دەیان ئاڵای سور.

پاش ئەوەی ڕێگریەکانی بەرەی کوردستانی بە سەرپەرشتی (ڕێباز، بەرپرسی سەربازی ی.ن.ک لەهەولێر) شکستی هێنا. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی بەعس لە بەردەرکی سەرا ڕوویدا و جەماوەر لە ماوەیەکی کورتدا توانیان دەستبگرن بەسەر سەرا و سجنەکەیدا.

لەو خۆپیشاندانەدا هاوڕی ئاراس لە بەشی پێشەوەی خۆپیشاندانە دەبێت و کە بەرەو سەرای هەولێر دەڕۆن و لەگەڵ دەسپێکردنی تەقە و شەڕ لەگەڵ زانای موهەندیس دەپێکرێن دەچنە کاروانی گیانبەختکردوان ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و خۆشگوزەرانی و سۆسیالیزم و دنیایەکی باشتر. دوای گیان لەدەستدانیان قارەمانانی کوردایەتی!! و چەکدارەکانی بەرە بە دیاری کراویش( ڕێباز) کە بەرپرسێکی (ی.ن.ک) بووم بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ تەرمی ئاراس دەست بەسەردەکەن بۆ ئەوەی شەپۆلی نارەزایەتیەکانی خەڵک کپ بکەنەوە.

شایانی باسە لە ٢٦ ساڵیادی هاوڕی ئاراسدا، کاوان قادری هونەرمەند نەخشەی پەیکەری هاوڕێ ئاراسی کێشاوە.

* هاورێ نەزیز عومەر ناسراو بە "ئارام" لە ساڵی ١٩٦٤ لە دێی کواشی سەر بە ناحیەی سمێل، لە باوەشی خێزانێکی کریکاریدا، چاوی بە دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری هەڵهێناوە... لە ساڵی ١٩٩٠ دا کۆلیژی کشتوکاڵی لەشاری موسڵ تەواو کردووە، هاوڕی ئارام کە زۆر زوو هەست بە زوڵم و نابەراری و چەوساندنەوە دەکات، تیکەڵی کاری سیاسی دەبێت و دەست دەداتە هەوڵ و تێکۆشان... لەو راستایەدایە وەکو هەڵسوراوێکی کۆمۆنیست دەناسرێت و لەناو زانکۆی موسڵدا و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویستی رەتکردنەوەی ستەم و نابەرابەری... لەساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕییانی تریدا، ئەلقەی "هاوپشتی کرێکاریی" پیکدەهێنن و ساڵیک دواتر واتە لە ساڵی ١٩٨٩دا، خۆی و ئەلقەکەیان بە رەوتی کۆمۆنیستەوە پەیوەست دەبن... رەوتی کۆمۆنیست یەکێک دەبێت لە ریکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئەو کاتە... بە پیکهاتنی حزبی کۆمنیستی کرێکاریی عێراق، هاوڕی ئارام دەبێتە یەکێک لە کادرە چالاک و خەباتگێرەکانی ئەو حزبە لە بادیناندا و سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی ناوچەکە و تێکۆشەریکی دژی دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاوی ناسیونالیزمی کورد و پارتی... هەروەها هاوڕی ئارام دەبێتە یەکێک لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی دژی تاڵانی و گرانی و بیکاریی و هەر بۆیە دواتر دەبێتە یەکێک لە رابەرانی یەکێتی بێکاران...


هاورێ ئارام، چ وەکو کادرێکی خۆشەویست و جێ متمانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و چ وەکو هەلسوراو و رابەرێکی یەکێتی بیکاران... رۆڵی زۆر بەرجەستە دەگێرێت لە هوشیارکردنەوەی و ریکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا و دەبێتە یەکێک لە روخسارە ناسراو خۆشەویست و تیکۆشەرەکەی بادینان و ناوچەکەی... رۆڵ و نەخشی هاوڕی ئارامی... ئارامی لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەبرێت و بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن پاشەکشەی پێ بکەن و ناچار بەدەست هەڵگرتن لە هەڵسورانی کۆمۆنیستی بکەن... پارتی جگە لە هەرەشەو چاوسوکردنەوە چەندجار بانگی دەکەن و دەزگای ئاسایش چەندین هەوڵی تر دەخەنە گەر تا ناچاری بکەن واز لە چالاکی و هەڵسورانی خۆی بهێنێت... پێداگری هاوڕی ئارام لەسەر ڕێبازەکەو و بروای پتەوی بە دنیایەکی باشتر، نەک ئامادەی پاشەکشە نابێت، بەڵکو بەگورو تینێکی بەردەوام و هیوا بەخشەوە درێژە بە هەڵسورانی خۆی دەدات... تا بەرواری ٢٥/٨/١٩٩٣ لەلایەن باندیکی ئینسان کوژی ئازادی کوژەوە، دەرفێنرێت و پاش شکنجەدانی ترسنۆکانەو وەحشیانە، تەرمەکە دەسوتێنن و پاش سێ رۆژ لە بەرواری ٢٨/٨/١٩٩٣ تەرمەکەی لە نزیک شاری سمێل دەدۆزرێتەوە...

## دوا وتە

# کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی و گرفتەکانی بەردەم ئاییندەی؟

**عەبدوڵا مەحمود**

ململانێی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی دەورەی دوای تاڵەبانی و دوای کۆنگرەی چوار لە هەشتی تەموزدا، لە فۆڕمێکی تایبەتدا تەقیەوە. تەقینەوەی ململانێی ناوخۆی ئەمجارەی یەکێتی بەشیوەیەکی نوێ دەرکەوت... پیشتر و لەسەردەمی تاڵەبانیدا ململانێ ناوخۆی یەکێتی لەنیوان باڵ و لاباڵەکانی یەکێتیدا کەمتر وابەستە بە ململانێی خێزانی و کیبەرکێی ناو بنەماڵەوە بوو، لەکاتیکدا ململانێی ئەمجارەی ناوخۆی یەکێتی لە ئاستی پایەییدا و بەشیوەی سەرەکی لەنیوان بنەماڵەدایەو لایەنەکانی تر و تەماحەکانی تر لاوازتر لەوەن وەکو باڵ و رەوتێکی هەژموندار دەربکەون.



جەنگ و ململانێ و سازش و ماستاوچیتی، درۆ و فریوکاری، فڕکان فرکانی کۆکردنەوەی کادر لەدەوری خۆ، بانگەشەی ئاگرین، هەوڵدان بۆ داپۆشینی ناکۆکیەکان لەنمایشی دەست ئاشکردا، لەدوای دورکەوتنەوەی سیاسی تاڵەبانیەوە

بۆ لاپەڕە 14

